Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090416

# پێواژۆی سینتاپڕاگماتیک لە زمانی کوردیدا

خۆشناو عەزیز حەمەئەمین

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین

عومەر مەحموود کەریم

بەشی زمانی کوردی// فاکەڵتیی پەروەردە// زانکۆی کۆیە

*Article Info*

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

*Keywords*

سینتاپڕاگماتیک، سینتاکس، پراگماتیک بنەما، ئەرک، دروستە، دەربڕاو.

*Corresponding Author*

omar.mahmood@koyauniversity.org
khoshnaw.aziz@uor.edu.krd

**پوختە**

زمان ڕێکخراوەیەکە لە پێکهاتەکان، کە پێڕەو و یاساکان لەخۆدەگرێت، ڕێسا و بنەما و مەرج و پێوەرەکانیش خودی یاسا دواتر پێڕەوەکە پێکدەهێنن، دابەشکردنی زمانیش بۆ چەند ئاستێکی شیکردنەوە (levels of analysis) بۆ ئاسانی شیکردنەوەیە، کە بەهۆیانەوە لە بەشێک یا زیادتر لە بەشەکانی زمانەوانیدا توێژینەوە ئەنجامدەدرێت، ئەگەرنا پێڕەو و ئاستەکانی زمان تێکرا لە ژێر پێڕەوی گشتیی زماندا کاردەکەن، پێوەندیش لە نێوانیاندا دەبێت، بۆیە زۆرجار شارەزایان و زمانەوانان لە هەوڵدان، کە لەم ڕێکخراوەیەدا لە پێکهاتەکان و پێوەندییان بتوێژنەوە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ یەکدی دەگەڕێنەوە، یا بەیەکەوە بەندن.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "**پێواژۆی سینتاپڕاگماتیک لە زمانی کوردیدا**" هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی چەشنێکی ئەو پێوەندییانە "پێوەندیی سینتاکس و پراگماتیک"، لە پێناو دۆزینەوەی چۆنیەتیی کارلێککردن و پەیوەستبوونی دوو ئاستی جیاوازیی زمان، لە پێڕەوی ڕێزمانی کوردیدا، لە شیکردنەوەی دروستە سینتاکسییەکانەوە، چونکە ئەم زانیارییانەی، لەم چەشنانەن بنەمایەک بۆ توێژینەوە دەربارەی بابەت و زانستێکی نوێ پێکدەهێنن.

هێڵە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سوودوەرگرتن لە میتۆد و توێژینەوەی شیکاریی پەسنکەرانە (Descriptive Analysis)یە، سروشتی کارەکە وایخواستووە، جگە لە پێشەکی، کە سەرەتایەکە بۆ چونە نێو باسەکەوە بەسەر دوو پاردا دابەشبکرێت: پاری یەکەم بۆ پێواژۆی سینتاپڕاگماتیک لە ڕووی "زاراوە، چەمک، ڕوانین و ڕاڤە و ئەرک"ەوە تایبەتکراوە، لە پاری دووەمیشدا تیشک خراوەتە سەر گرنگترین "بنەماکانی سینتاپڕاگماتیک". تۆمارکردنی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، و ڕیزکردنی سەرچاوە سودلێوەرگیراوەکانیش بوونە کۆتایی ئەم هەوڵە.

**پێشەکی:**

بابەت و توێژینەوەی زۆر لە بارەی سینتاکس و پراگماتیکی کوردییەوە، وەک دوو ئاستی شیکردنەوەی زمان، بە جیا و سەربەخۆ جێبەجێکراون، بە جۆرێک لە توێژینەوە و ڕێبازەکانی پێشودا، سینتاکس زۆرتر دیوی دەرەوەی دروستەکانی وەرگرتووە، پراگماتیکیش بەگەڕخستن و گرنگیپێدانیانە لە دەوروبەردا، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا باس لە (پێوەندیی سینتاکس و پراگماتیک) کراوە، بە واتا بۆ گفتوگۆکردنە لە بارەی تێکەڵبوونی دوو ئاستی جیاوازیی زمان، و سەرهەڵدانی زانستێکی نوێ بە ناوی (سینتاپراگماتیک)ەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی توێژینەوەیەکی هەمەلایەنە لە بارەی ئەم بابەتەوە پەیوەست بە پەیوەندیکردنی ئەم دوو پێکهاتەیە لە دووتوێی کارێکی سەربەخۆ لە زمانەوانیی کوردیدا بەرچاوناکەوێت، کەواتە کارەکە هەوڵدەدات سەرەتا و بنەمایەک بۆ ئەو زانستەی لە رووکار و ویست و مەبەستی بەکارهێنانی دروستەی دەربڕاو دەتوێژێتەوە دەستنیشانبکات، چونکە سینتاپراگماتیک لە هەر زمانێکدا، ئەرکی سەرەکیی پەسنکردنی جۆر و شێوەی پێکهاتنی دروستە سینتاکسییەکانە لە توخمە بنەڕەتییەکانی زمانەکەوە، لەگەڵ چۆنیەتی و مەبەستی بەکارهێنانیان لە ژینگە و دەوروبەرێکی دیاریکراودا، پەیوەست بە پێڕەوکردنی ژمارەیەک دەستور و بنەمای دیاریکراوەوە.

٠.١: ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناساندن و شیکردنەوەی زانستییانەی پێواژۆی سینتاپراگماتیک و بنەماکانی کارکردنیەتی لە دروستە سینتاکسییەکاندا، کە تێیدا بە پشتبەستن بە یاسا جیهانییەکانی بواری سینتاکس و پراگماتیک، بە پێی تێڕوانینە نوێیەکانی زانستی زمان پێوەندیی سینتاکس و پراگماتیک لە زمانی کوردیدا دەخرێتەڕوو، هەروەها ئەو ڕاستییە دەسەلمێنرێت، کە ئەم بوارانە بە یەکەوە کاردەکەن، بە واتا هەنگاوێک دەبێت رووەو دانانی بنەمای زانستی لە نێو توێژینەوە زمانەوانییەکاندا، هەروەها پێوانە بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەربڕاوە سینتاکسییەکان پەیوەست بە دەوروبەر و مەبەستی قسەکەرەوە دەدۆزرێتەوە.

٠.٢: سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە بە شێوەزاری (سلێمانی)ی دیالێکتی کرمانجیی نێوەڕاست نووسراوە، کەرەستە و نموونەکانیش خستنەڕووی دروستەی فرێز و ڕستەی دەربڕاوەکانی ئەو شێوەزارەیە، کە لە زمانی ڕۆژانەی قسەپێکەران و سەرچاوە بەکارهاتووەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکەوە وەرگیراون.

٠.٣: میتۆدی توێژینەوەکە

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و هێنانەدی ئەنجامە خوازراوەکان، کە بە ناونیشانی (پێواژۆی سینتاپراگماتیک لە زمانی کوردیدا)یە میتۆدی نووسینەوەی بابەتەکە، ڕێبازی شیکاریی پەسنکەرانە (وەسفی) پێڕەوکراوە، بە جۆرێک دوای کۆکردنەوەی داتا و بەڵگەی پێویست بە شێوەیەکی بابەتییانە ئاڕاستەی پێوەندیکردنی سینتاکس بۆ پراگماتیک، و بە پێچەوانەوە شیکراوەتەوە و پەسنکراوە، وەک دیاردەیەکی زمانەوانی و زانستی زمان، دواتریش بە پێی پێویستی بابەتەکان نموونەیان بۆ هێنراوەتەوە.

٠.٤: گرنگیی توێژینەوەکە

پێوەندیی و تێکچڕژانی ئاستەکانی سینتاکس و پراگماتیک هەڵدەگرێت، کە چەندەها باس و توێژینەوەی زانستیی هەمەلایەنەی لە زمانی کوردیدا لە بارەوە بکرێت، بەڵام تا ئێستا وەک پێویست ئەو ئاوڕەی لێنەدراوەتەوە، و ژمارەی ئەو کارە زانستییانەی لە بارەیەوە ئەنجامدراون بە بەراورد بە بابەتەکانی دیکە یەکجار کەمترن، بۆیە ئەم کارە دەبێتە هەوڵێک بۆ خستنەڕووی لقێکی دیکەی زمانەوانی بە ناوی (سینتاپراگماتیک)ەوە، هەرچۆنێک بێت پێویستە ئاماژە بە ئەو ڕاستییە بدرێت، ئەویش وەک ئەوەی بزانرێت دەگمەنە بە شێوەیەکی وەها باس لە وردەکارییەکانی پێواژۆی سینتاپراگماتیک لە ڕووی ناساندن و چۆنیەتی و بنەماکانی کارکردنییەوە کرابێت.

٠.٥: خستنەڕووی پرسیارەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە بارەی مۆدێلی ڕێزمانی کوردییە، بۆ پەسنکردن و دیاریکردنی پێوەندیی سینتاکس لەگەڵ پراگماتیکدا وەرگیراوە، کە تێیدا زۆرتر جەخت لە بارەی ئەو پرسیارانەوە کراوەتەوە:

١. تێکچڕژان و تێکەڵبوونی هەردوو ئاستی سینتاکس و پراگماتیک بە چی ناودەبرێت، و چۆن دەناسێنرێت؟

٢. ئایا دروستە سینتاکسییەکان ڕۆڵیان لە گەیاندنی واتا و مەبەستی پراگماتیکیدا هەیە، یا دەتوانرێت ڕاڤە و لێکدانەوەی پراگماتیکی بۆ دروستە سینتاکسییەکان بکرێت؟

٣. ئەو بنەمایانەی، سینتاپراگماتیک لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دروستەکاندا پشتیان پێدەبەستێت کامانەن، و چۆن کاردەکەنە سەر واتا و مەبەستی دروستەکان؟

٠.٦: ستراکچەری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بابەت و لایەنە پێوەندیدارەکانی پێواژۆی سینتاپراگماتیک بناسێنێت، هەروەها ڕۆڵ و ئەرکی سینتاپراگماتیک نیشانبدات، لەگەڵ گرنگترین ئەو بنەما سەرەکییانەی بۆ بەڕێوەبردن و کارکردنی پشتیان پێدەبەستێت. بۆ دەستەبەرکردنی ئەم بنەمایانەش سروشتی کارەکە وادەخوازێت، جگە لە پێشەکی و پوختەی توێژینەوەکە، کە سەرەتایەکن بۆ چونە نێو باسەکەوە، بە پێی پلانێک دابەشی سەر دوو پار بکرێت، لەگەڵ تۆمارکردنی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، و ڕیزکردنی ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە سودیان لێوەرگیراوە، بەم شێوەیە:

**پاری یەکەم**: تایبەتە بە "سەرەتایەکی تیۆری لە بارەی سینتاپراگماتیکەوە"، تێیدا لە هەریەکە لە زاراوە و چەمک و ڕوانین و ڕاڤە بۆ سینتاپراگماتیک، لەگەڵ ئەرکەکانی توێژراوەتەوە، بە شێوەیەک هەوڵدراوە زاراوەی گونجاو بۆ ئەم زانستە لە زمانی کوردیدا دیاربیکرێت، هەروەها ئاماژە بە پێواژۆی سینتاپراگماتیک لە ڕووی چۆنیەتی و گرنگترین ئەرکەکانییەوە بدرێت.

**پاری دووهەم**: ئەم پارە بۆ "بنەما سینتاپراگماتیکییەکان" تەرخانکراوە، کە تێیدا ئاماژە بە گرنگترین بنەما و ستراتیژییەکان لە لێکدانەوەی دروستە سینتاکسییەکان دراوە، بەواتا ئەم پارە تایبەتە بە دیاریکردنی ئەو بنەمایانەی دەبنە ڕێگەخۆشکەر و پێویستی لەوەی دەربڕاوێک پەیوەست بە دەوروبەر و مەبەستی قسەکەرەوە ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

١ . ١: سەرەتایەکی تیۆری لە بارەی سینتاپراگماتیکەوە

لەم پاری یەکەمەدا پێواژۆی سینتاپراگماتیک لە ڕووەکانی (زاراوە، چەمک، ڕوانین و ڕاڤە، ئەرکەکانی)یەوە دەناسێنرێت، چونکە ئەم زانیارییانەی، لەم چەشنانەن بنەمایەک بۆ هەر توێژینەوەیەک لە بارەی بابەت و زانستێکی نوێ پێکدەهێنن، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەوانەیە گفتوگۆیەکی سادە سەبارەت بە بابەتەکە خوێنەر لە بەدواداچوونی زیادتر سەبارەت بە سروشتی بابەتەکە بێنیازنەکات، بۆیە هەندێک ئەدگاری گشتی و ژمارەیەک نیشانەی تایبەتی هەن، کە دەبێت لەم سەرەتایەدا و لە چەند بابەتێکدا ڕوونبکرێنەوە.

١ . ١ . ١: زاراوەی سینتاپراگماتیک

زانستەکان پێوەندییان بە یەکدییەوە هەیە و تێکەڵ بە یەکدی دەبن، هەر بۆیە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی >>سینتاکس<< و >>پراگماتیک<< لقێکی نوێ یاخود ناونیشانێک بە ناوی>>سینتاپراگماتیک<<ەوە[١] سەرهەڵدەدات، کە لە دروستە تەکیەکخراوەکان پەیوەست بە دەوروبەر (سیاق ـ Context) و چۆنیەتیی دەربڕین و ئاوازەکانیانەوە دەتوێژێتەوە.

لە ڕووی تێرمینۆلۆژییەوە >>سینتاپراگماتیک<< زاراوەیەکی بواری زانستی زمانە، بە ڕێگای >>داتاشین ـ Blending<< یا >>تێکەڵکردن<<یشی پێدەگوترێت، سازکراوە، کە وەک ڕێبازێک بۆ سازکردنی وشە و زاراوە، لە ڕێگای >>لێکدان ـ Compounding<<ەوە دەبێت، بەڵام ئەم لێکدانە بریتییە لە لێکدانی دوو وشە یا مۆرفیمی سەربەخۆ، یاخود زیادتر دوای قرتاندن و فڕێدانی دەنگێک یان زیادتر، یاخود پارچەیەکی یەکێک لە پێکهێنەرەکان یا هەموویان، ئینجا خستنەتەکیەکیان و بەرهەمهێنانی لێکسیمێکی تازە لە پێکهێنەرەکانییەوە (بەسیر، ١٩٧٨ : ٧٠)، بەڵام ئەوەی پێویستە، دەبێت هاوئاهەنگی لە گۆکردن و واتای نێوان وشە تێکەڵکراوەکە و هەردوو وشە یان زیادتر لە وشە لێداتاشراوەکاندا هەبێت (القاسمی، ١٩٨٥ : ١٠٢)، بەم پێیە تێکەڵکردن/ داتاشین جۆرێکە لە وشەپێکهێنان (Word Formation)، کەوا لە وشە تازەکەدا ڕەمەکییانە، واتە بێ یاسا و ڕێوشوێن، یەکێک لە پێکهێنەرەکانی یا لە هەموویاندا بەشێک قرتێنرابێت و پاشان لێکدرابن، لەم زاراوەیەشدا (سینتا) لە >>سینتاکس<<ی گریکییەوە دوای قرتاندنی (کس) وەرگیراوە و تێکەڵ بە >>پراگماتیک<< کراوە.

زاراوەی >>سینتاکس<< بۆ کردارێکی گریکیی کۆن دەگەڕێتەوە، کە لە دوو بەشی (syn) بە واتای (بەیەکەوە/پێکەوە) و (taxis)بە واتای (ڕێکخستن/ دانان/ ڕێزکردن) دێت پێکهاتووە (فەرهادی، ٢٠١٣: ٤)، بەسەریەکەوە واتای (پێکەوەڕێکخستن، پێکەوەڕیزکردن، پێکەوەدانان) دەبەخشێت، و دەکرێت لە (خستنەتەکیەک)دا کۆبکرێنەوە، کە زاراوەی کوردییەکەی >>ڕستەسازی<<یە، بەڵام زاراوەی >>سینتاکس<< لە کوردییەکەی >>ڕستەسازی<< زۆرتر دەگرێتەوە، و ماناکەی فرەوانترە، بۆیە دەبێت >>ڕستەسازی<< بەشێک بێت لە >>سینتاکس<<، بەم شێوەیە سینتاکس تەکیەکخستنی گونجاو و ڕێکوپێکە، لە ڕێی ڕێسا و یاساکانەوە بەپێی مەرجی پێکهاتەکەی. پێواژۆکانی تەکیەکخستن (Combination Process)یش یەکەی گەورەتر بەرهەمدەهێنن، کە تەکیەکخراوەکانن، و بریتین لە: ڕستە، فرێز، دەستەواژە، ...تاد. (مەحوی، ٢٠١٠: ٥٠ـ٥٤)، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەشدا زاراوەی >>سینتاکس<< بە دروستتر دادەنرێت و بەکاردەبرێت، لە لایەکی دیکەشەوە >>سینتاپراگماتیک<< لە >>ڕستەپراگماتیک<< هاوئاهەنگترە و ساناتر گۆدەکرێت، واتە تێیدا ڕەچاوی ڕەوانی گوتراوەکە و مانا لۆژیکیی زاراوەکەش کراوە.

١ . ١ . ٢: چەمکی سینتاپراگماتیک

بەرەوژوورچووترین ڕاڤەکردنی ئاڵنگاری (challenge ـ التحدی) لە زانستدا بۆ تێگەیشتن و ئاشنابوون بە هەر بابەتێک، وێناکردنی ئەرکی ئەو بابەتەیە، یا بنیاتنانی وێنەی وشەکەیەتی لە ئاوەز (عەقڵ)دا، بۆیە بە لێکدانەوەی وشە بە وشەی زاراوەی >>سینتاپراگماتیک<<، دەردەکەوێت ئەم زانستە لە >>سینتاکس<< و >>پراگماتیک<< جیاوازە، کە تەنیا گرنگی بە یەکێک لەم لایەنانە دەدەن:

بە جۆرێک >>سینتاکس<< تەکیەکخستن و ڕیزکردنی هێماکان و ڕۆڵیانە لە پێڕەوێکی هێمادا، کە ئەرکی گرنگیی ڕێکخستنی توخمە پێکهێنەرەکانە لە نێو ڕۆنانێکی گەورەتردا، بە تایبەتی لە چوارچێوەی فرێز و ڕستەدا، و هاوتایە لەگەڵ تاوتوێکردنی پێکهاتە و ڕۆنانی ڕستە (فەرهادی، ٢٠١٣: ٤)، چونکە بەپێی دەستەیەک یاسا ئەو وشانەی لە مۆرفۆلۆژیدا بەرهەمدەهێنرێن، لێکدەدرێن و فرێز پێکدەهێنن، بە هۆی دەستەیەک یاسای دیکە ئەم فرێزانە لێکدەدرێن و ڕستە پێکدەهێنن (ئەمین، ٢٠٠٧: ٣٥)، کەواتە "سینتاکس لە خستنەپاڵیەکی ... وشەکان لە فرێز و فرێز لە ڕستەدا دەکۆڵێتەوە و دروستەکانیان پەسەند دەکات. هەروەها ئەم بنەما و یاسایانەش دیاریدەکات، کە ڕێگە بەم خستنەتەکیەکانە دەدەن" (ئەحمەد، ٢٠١٢: ١٥).

هەرچی >>پراگماتیک<<ە، گرنگی بە بەکارهێنانی زمان دەدات، چونکە ئەو فۆڕم و هێمایەی لە دەوروبەرێکدا لە نێوان نێرەر و وەرگردا بەکاردەهێنرێت، و واتایەکی دیاریکراو دەگەیەنێت، واتای لە دەوروبەرێکی

دیکەدا جیاوازە. بۆیە لە سادەترین و بەربڵاوترین چەمکیدا "بریتییە لە توێژینەوە لە پێوەندیی نێوان زمان و دەوروبەر، کە گرنگە بۆ تێگەیشتن" (Levinson, 1997: 21)، واتە گرنگی بە پێڕەوی هێما و بەکارهێنانەکەی لە دەوروبەردا دەدات، یا بە واتای تاوتوێکردن و توێژینەوەی پێوەندیی فۆڕمە زمانییەکان و بەکارهێنانەکانیانە، کە دەبێتە توێژینەوە لە نێوان هێما و بەکارهێنەرەکەی، یا ئەو قسەکەرەی ئەم فۆڕم و هێمایەی بەکارهێناوە (Yule, 1996: 4)، بەمەش مرۆڤ وەک ڕەگەزێک دێتە نێو شیکردنەوەکانییەوە، و بریتی دەبێت لە "لێکۆڵینەوەی زمان لە بەکارهێناندا، بە تایبەتی پەیوەندیی نێوان ڕستەکان و دەوروبەر و ئەو بارانەی زمانی تێدا بەکاردێت" (ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ١٤٨)، مەبەست لە دەوروبەر و باریش هەریەکە لە (کات، شوێن، کەس، کەلتور، دۆخ، و ...تاد.)یە، کە کاریگەریان بەسەر واتا و واتالێکدانەوە (Interpretation)وە هەیە، هەر گۆڕانێکیش تێیاندا ڕووبدات، ئەوا لەگەڵیدا واتا دەگۆڕێت، بۆ ڕوونکردنەوە زیادتر با بڕوانینە ئەم نموونەیە:

١) ئەمە ڕێوییە.

ئەم ڕستەیەی لە (١)دا هاتووە بەپێی بارودۆخ و دەوروبەرەکان واتاکەی دەگۆڕێت، بە جۆرێک ئەگەر هیچ (ڕێوی)یەک بوونی نەبێت، لەوانەیە مەبەستی لە کەسێک بێت، و لێرەدا سیفەتی ڕێوییەکە مەبەستە، کە لە کەلتوری کوردیدا بە گیاندارێکی فێڵباز ناسراوە، بۆ ئەم مەبەستە بە نائاشکرا ئاماژە بە [+فێڵباز] و واتا میتافۆرییەکەی دەکرێت، هەمان دەربڕین ئەگەر ئاڕاستەی (جەنگاوەرێک، بازرگانێک، یا خوێندکارێک) بکرێت واتای جیاوازتر دەگەیەنێت، هەروەها تا گۆڕانی زیادتر دروستبێت، واتای جیاوازتر دێتەئاراوە، پڕاگماتیکیش بۆ هەموو بارودۆخ و دەوروبەرێک لێکدانەوەی جیاوازیی هەیە (مستەفا، ٢٠١٨: ٤١ - ٤٢)، لە کاتێکدا >>سینتاکس<< تەنیا دروستەی ڕستەکە و ڕێزماندروستییەکەی دەخاتەڕوو.

دوای ئەم ڕوونکردنەوانە، دەکرێت بگوترێت: توێژینەوەی >>سینتاپڕاگماتیک<< ئەو شتانەن، کە بە تەواوی دەچنە نێو چوارچێوەی >>سینتاکس و پڕاگماتیک<<ەوە، جا ئەگەر تێکەڵبوونی هەردوو زانستەکە پاساوێک بێت بۆ کۆکردنەوەیان، ئەوا >>سینتاپڕاگماتیک<<، سینتاکسە بە دروستە، بەڵام بۆ چوونەنێو و تێکچڕژانی پێکهاتەکانی سینتاکس بۆ دەوروبەر و چۆنیەتیی دەربڕین و بەرهەمهێنانیان هێنراوەتەئارا، یا مۆدێلی سینتاکسیی بە پڕاگماتیککراوە، کە ڕووبەری واتای پڕاگماتیکی لەگەڵ یاسا و ڕێسا سینتاکسییەکان دەگرێتەوە، بە واتا دەربڕاوێک یاسا و ڕێسایەکی سینتاکسی و مەبەست و واتایەکی پڕاگماتیکی دەبێت. هەروەها بە وردبوونەوەی زیادتر لە ناونیشانی >>سینتاپڕاگماتیک<<، دەکرێت درک بەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە بکرێت:

**یەکەم:** لە ناوەرۆکی زمانەوانیدا بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی واتا، وەڵامدانەوەی پرسیارێکی ساکاری وەکو: واتا چییە؟ یا واتای ڕاستەقینە کامەیە؟ بە ئاسانی دەستەمۆنابێت و دوورەدەست دەمێنێت، چونکە بەپێی فەلسەفەی زمانەوانەکان و باوەڕی ڕێباز و قوتابخانەکانیان وەڵامەکەی دەگۆڕێت، بەڵام خاڵی نێوکۆ یا کۆکبوون لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت، ئەویش ئەو بیرۆکەیە "لە پڕۆسەی پەیوەندیکردندا بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی واتا، تەنیا زانین و زانیاریی لێکسیکی و شارەزابوون لە ڕێسا و یاساکانی زمان یارمەتیمان نادەن، بۆ ئەوەی لەو دەربڕین و ڕستانە تێبگەین، کە لە پڕۆسەکەدا بەکاردەبرێن" (عەلی، ٢٠١٩: ٥١)، چونکە هێما و ڕستەکان واتایەکی جێگیریان نییە و لە گۆڕاندان، تەنیا لە ڕێگەی بەستنەوەیان بە دەوروبەرەوە بە واتا ڕاستەقینەکە و مەبەست دەگەین، یا واتای هێماکان لە بەکارهێنانەکانیانەوە دەردەکەوێت، کە ئەمەش دەبێتە ئەرکی سەرەکی لێکدانەوە سینتاپڕاگماتیکییەکان.

**دووهەم:** بیرۆکە و لێکدانەوەی سینتاپڕاگماتیکی لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هێما لە ئاستی پڕاگماتیکدا پێوەندییەکی چوارقۆڵی لە نێوان (هێما، تەن، بیر، کەس)دا دروستدەکات، بەمەش لێکدانەوەی واتایی لە ڕوانگەی (کەس)ەوە دەبێت، پێوەندییە ئاساییەکەی کە لە نێوان (هێما) و (تەن)دا هەیە دەپچڕێت، و لێکدانەوە بەپێی (قسەکەر، گوێگر، دەوروبەر) دەبێت (دزەیی، ٢٠٠٩: ٢٢).

**سێهەم:** سینتاپڕاگماتیک شیکردنەوە بۆ هەموو ئەو ڕستە و دروستانە دەکات، کە ئاستی سیمانتیک نابێتە هۆی بەدیهێنانی مەبەست و ئامانجی تەواویان، چونکە هەندێکجار وا ڕێکدەکەوێت، ڕستەیەک لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، یان بە هۆی هێز و ئاواز و بەرزکردن و نزمکردنی دەنگ و گۆڕینی ڕەوتی دەنگ واتای پێچەوانەی ڕستە دەربڕاوەکە بگەیەنێت، بۆ نموونە ڕستەیەکی وەک:

٢) ئەمە کچە زیرەکەکەیە.

ڕەنگە لە دەوروبەرێکی زمانی تایبەتدا مەبەستی قسەکەر، کەمکردنەوەی ئاستی زیرەکی و لاوازی کچەکە نیشانبدات (Palmer, 1981: 41)، واتە نێرەر بە ئامانج و مەبەستێکی تایبەت ئەم ڕستەیە بەکاردەهێنێت، بۆیە وەک دروستەیەکی سینتاکسی پڕۆژەسازدەر تەواوکردن و وابەستەکردنی واتاکەی سەرباری ئارگۆمێنتەکانی وابەستەی دەوروبەرێکی گونجاو دەبێت.

**چوارهەم:** شیکردنەوەی سینتاپڕاگماتیکی بۆ ئەوەیە، کە تێبگەین قسەکەران چۆن کردەقسەییەکان بەکاردەهێنن و تێیاندەگەن، چونکە کردەی قسەیی تەنیا کردەیەکی سادەی دەربڕین نییە، بەڵکو پەیوەستە بەو دەروبەرەوە، کە دەربڕینەکەی تێدا دەگوترێت و بەکاردەهێنرێت (Black, 2006: 17)، واتە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی هەڵهێنجانی واتا و گەیشتن بە مەبەستە، لەگەڵ ئەوەی چۆن شتێک بڵێین و شتێکی دیکەمان مەبەست بێت.

**پێنجهەم:** ئەرکێکی دیکەی شیکردنەوەی سینتاپڕاگماتیکی، ئەوەیە چۆن پێوەندییەکانی قسەکەر/نێرەر و گوێگر/وەرگر کاردەکاتە سەر ڕۆنانی ڕستەکان (ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ١٤٨)، واتە دیاریکردنی ئەو مەبەستەیە، کە لە مێشکی هاوبەشەکانی ئاخاوتندایە، چونکە سینتاپڕاگماتیک لە واتایەک دەتوێژێتەوە، کەوا لە ڕێگەی جێبەجێکردنی یاساکانی سینتاکس لە کۆمەڵێک بارودۆخ و دەوروبەری دیاریکراودا هەڵدەهێنجرێن. هەروەها

ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە چۆن دەربڕینی ناڕاستەوخۆ باشترە لە ڕاستەوخۆ، لەگەڵ ئەوەی چۆن لە واتای ڕستەکانمان پاشگەزببینەوە، و نائاسایی لە واتادا چۆن ڕاڤەدەکرێت و جۆرەکانی کامانەیە؟

١ . ١ . ٣: سینتاپڕاگماتیک (ڕوانین و ڕاڤە)

>>سینتاپڕاگماتیک<< توێژینەوەی سینتاکسی و پڕاگماتیکییە بە هاوبەشی، بۆیە وەکو زاراوە دەشێت ڕاڤە و پێناسەی جیاجیای بۆ بکرێت، بە مەبەستی وردبوونەوە و وەرگرتنی زانیاریی زیادتر لە بارەی و ناسینەوەی، لێرەدا بەپێی پێویستی بابەتەکە، و بۆ ڕوونکردنەوە و دەرخستنی لایەنەکانی بە شێوەیەکی گشتی بە پشت بەستن بە زانیارییە پڕاگماتیکی و سینتاکسییەکان چەند بۆچوون و تێڕوانینێک دەخرێتەڕوو:

**ڕوانینی یەکەم:**

ئامانج لە سینتاپڕاگماتیک ئەوەیە، کە چۆن سینتاکس و پڕاگماتیک یەکدەگرن، و پێوەندیی هاوبەش پێکدەهێنن، چونکە "دوو زانستن، تەواوکەری یەکترن و لێکۆڵینەوە لە هەریەکەیان، بێ ئەوی تریان نابێت و هەردووکیان دوو پێڕەوی زمان پێکدەهێنن و دوو دیوی زمانن، سینتاکس فۆڕمەکەیەتی و پڕاگماتیکیش واتا" (عەلی و حسەین، ٢٠١٣: ٥٦).

بەپێی ئەم بۆچوونە سینتاکس ڕێسا و یاسای لێکدان و سەرەوریزکردنی کەرەستەکانە، بەڵام پڕاگماتیک بەشێکە لە واتا، کە پەیوەستە بە دەوروبەرەوە، لەگەڵ پڕاکتیزەکردنی زمان لە کاتی بەکارهێناندا، بۆ تێگەیشتنی زیادتر لەم ڕوانینە دەڕوانینە نموونەی (٣):

٣) ئاوەکە گەرمە.

سینتاکس تەنیا نواندنی ڕۆنانی ڕستەکە دەخاتەڕوو، ڕستە وەک زنجیرە وشەی فۆڕمدروست (Word Forms) سەیردەکات، و شیکردنەوەی دروستیش لە زمانەوانیدا ئەوەیە، کە زمانەوان بە گرنگیی دەزانێت، کەواتە لە شیکردنەوەی سینتاکسیدا پێوبستە لە سنوری وشەدا بوەستین، چونکە ئەگەر زیادتر بڕۆین، ئەوا دەچینە نێو ئاستی مۆرفۆلۆژی و ئاستەکانی دیکەوە، بۆیە سینتاکس دروستەی ڕستەی (٣) بەم شێوەیە شێوازبەند دەکات:

| | | | |
|---|---|---|---|
| S → NP | VP | : | ئاوەکە گەرمە |
| NP → N | Det | : | ئاوەکە |
| VP → CP | V | : | گەرم ـە |

ئەگەر پڕاگماتیکییانەش سەیری ڕستەکە بکەین، ئەوا بەپێی بار و دەوروبەر چەندین ڕستە و دەربڕاوە، یا چەندین واتا و مەبەستی هەیە، لەوانە:

+ لە هاویندا پیاوێک بە ژنەکەی دەڵێت: ئاوەکە گەرمە! واتە: ئاوێکی ساردم بۆ بهێنە.

+ ڕەنگە مەبەستی ئەوەبێت نەسووتێت، واتە ئاگادارکردنەوەی کەسەکەیە.

+ دەشێت مەبەستی ئاگادارکردنەوەی کەسەکە بێت بۆ بەکارهێنانی ئاوە گەرمەکە.

کەواتە: پڕاگماتیک ئەوەیە لە نێو هەموو ئەو واتایەدا، واتای مەبەست بدۆزرێتەوە، بۆیە ئەگەر ڕستە بەشێک بێت لە کردەی خستنەتەکیەکی هێماکان، بۆ گوزارشتکردن لە بیرۆکەیەکی دیاریکراو، کە نێرەر مەبەستیەتی بیگەیەنێت، ئەوا زۆرجار واتای ڕستەکان لە (واتای وشە + کاریگەریی ڕێزمانی)یەوە بەدەستنایەت، بەڵکو قسەکەر پەیامی نێو ڕستەکە بە هێما و کەرەستەی زمانی وابەستەی دەوروبەر، یا هێمای شاراوە دەخاتەڕوو، کە لێکدانەوەی بەپێی دەوروبەر و زانیاریی دونیایی و هاوبەشی قسەکەر و گوێگر دەبێت، ئەمەش دەبێتە ئیشی پڕاگماتیک، بۆیە ئەمەی هەردوو لایەنی فۆڕم و واتا شیدەکاتەوە سینتاپڕاگماتیکە، نەک هیچ کام لە سینتاکس و پڕاگماتیک!

**ڕوانینی دووەم:**

پێواژۆیەکە لە لێکدانەوەی ڕستەدا شوێنێک دەگرێت، لە دوای تەسککردنەوەی سینتاکسی و فۆڕمی لۆژیکی، واتە پێواژۆی ئیشکردنی پڕاگماتیکە بە ڕێگەی پێڕەوبەندانە لەسەر فۆڕمی پێکهاتوو (simons, 2009: 1-2)، چونکە بەکارهێنانی ڕستەکان لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا واتا و مەبەستێکی جیاواز لەوەی بە هۆی ڕیزبوونی ئارگۆمێنتەکان و ستراکچەری ڕستەکانەوە دروست دەبێت دەگەیەنن، بە گوتەیەکی دیکە واتای ڕاستەقینەی هەر ڕستەیەک "لەسەر ئەو مەبەستە دەوەستێت کە قسەکەر دەیەوێت بە گوێگرەکەی ڕابگەیەنێت، ئەمەش تەنیا پەیوەست نییە بە شێوە و فۆڕم و زمانی دەربڕینەکەوە، بەڵکو بە پلەی یەکەم بە مەبەستی نێرەرەوە پەیوەست دەبێت، کە لە ئاکامی گونجاندنی هەردوو فۆڕمە زمانییەکە و لەگەڵ کەرەستەکانی دەوروبەردا بەرهەمدەهێنرێت" (عەلی، ٢٠١٣: ١١٣)، بۆیە دەکرێت بگوترێت: سینتاپڕاگماتیک، بە گشتی تاوتوێکردنی پێوەندیی فۆڕمە زمانییەکان و بەکارهێنانیانە، کە تێیدا لە بارەی پێوەندیی نێوان فۆڕمە زمانییەکان و چۆنیەتیی ڕیزبوونی ئەم فۆڕمانە بە دوای یەکدا و ڕیزبەندیی دروستیی ئەو بە دوایەکداهاتنە، لەگەڵ ئەو واتایانەی قسەکەر مەبەستێتی. ئامانج، مەبەستەکان، بیرۆکەکانیان و هەروەها ئەو کردارانەی (بۆ نموونە: داواکردنەکان) لە کاتی ئاخاوتندا دەیکەین، دەدوێت یا لێکدانەوە دەکات (یوڵ، ٢٠١٦: ١٩ ـ ٢٠)، بەم شێوەیە کارکردنە لەسەر ئەو دروستە سینتاکسییانەی لە نێو زماندا ئاماژەدەری پڕاگماتیکانەیان هەیە.

**ڕوانینی سێیەم:**

سینتاپڕگماتیک، پێواژۆیەکە پێڕەوبەندانە بۆ شرۆڤەکردنی ڕووەکانی دروستە زمانەوانییەکان کۆشش دەکات، ئەویش بە ئاماژەکردن و پشتبەستن بە فاکتەرە نازمانییەکان، واتە لە لایەکەوە پێوەندیی ڕواڵەتی هێماکان بە یەکدییەوە دەخاتەڕوو، یا شیکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان خودی ئەو ڕستانەیە، کە لە بواری چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان ئەو وشانە کاردەکات، لە لایەکی دیکەشەوە ئاماژەیەکی ئاشکرا بە ڕستە و بەکارهێنانی

یا بەرکارهێنەرەکەی دەدات، واتە دەبێتە بەکارهێنانی زمان لە ڕوانگە ئەرکییەکەیەوە (جەلیل و شەفیق، ٢٠٠٨: ٧٨-٨٠).

بەپێی ئەم ڕوانینە، زۆرجار بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی ڕستە، تەنیا زانین و ئاشنایی لێکسیمی و شارەزابوون لە ڕێسا و یاساکانی زمان یارمەتیمان نادەن، بۆ شرۆڤەکردن و لێکدانەوە، هەرچەندە "لە پێشدا گرنگیپێدانەکان هەموو لەسەر مانای وشەکان چڕدەبوونەوە، بەڵام ئەمڕۆ واتاسازیی تازە گرنگی بە شیکردنەوەی مانای ڕستە دەدات، یا بە لای کەمییەوە گرنگی بە ڕووەکانی مانای ڕستە دەدات، ئەو ڕووانەی کە توێژینەوەی یەکە واتاییە گۆشەگیرەکان (Lexemes) ناتوانن بە تەنهایی بیاندۆزنەوە" (ناوخۆش و خۆشناو، ٢٠١٠: ٢٧٥-٢٧٦)، ئەمەش بە هۆی ئەوەی سروشت و لێکدانەوەی سینتاپراگماتیکی خۆی لە بەکارهێنانی زماندا دەبینێتەوە، بۆیە دەشێت هەر ڕستەیەک گریمانەی ئەوەی لێبکرێت، بەپێی شیکردنەوەی سینتاپراگماتیکی سەرباری لایەنی دروستە و پێکهاتەکەی پەلکێشمان بکاتە نێو یەکێک لەم ڕاڤەکردنانەوە:

١. واتای دەنگی. ٢. واتای کرداری و بەکارهێنان.

واتای دەنگی ڕستە، لە ڕێچکە و چۆنیەتیی درکاندن یا لە بەکارهێنانی ڕووی دەنگییەوە پەیدادەبێت. بە جۆرێک هەندێک ڕستە هەن، کە لە ڕێی دەستنیشانکردن و زانینی جۆری ئاوازەکەیەوە بە تەواوی دوو واتا و مەبەستی دژیەکی هەیە (ئەمین، ١٩٩٤: ١٦)، بۆ نموونە:

٤) باپیر فێنککەرەوەکە دانەگیرسێنیت نەخۆشدەکەوم.

ڕستەی (٤) دەشێت دوو واتای جیاوازیی دژیەکی بخرێتەپاڵ، کە بەپێی جۆری ئاوازی دەربڕینەکە دەگۆڕێت، لە یەکێکیاندا وەستانێک لە نێوان (دانەگیرسێنێت) و (نەخۆشدەکەوم)دا هەیە، واتە (ئەگەر دایبگیرسێنێت نەخۆشدەکەوم)، بڕوانە(٤. أ)، بەڵام لەوەی دیکەیاندا وەستانەکە بۆ نێوان (فێنککەرەوەکە) و (دانەگیرسێنیت) دەگوێزرێتەوە، واتە (ئەگەر داینەگیرسێنێت نەخۆشدەکەوم)، بڕوانە (٤. ب):

٤) أ) باپیر فێنککەرەوەکە دامەگیرسێنە نەخۆشدەکەوم.

٤) ب) باپیر فێنککەرەوەکە دابگیرسێنە نەخۆشدەکەوم.

لێرەدا پێوانەی دەنگی دەریدەخات، ئەو زانیارییەی لە سینتاکس و شیکاری ڕۆنانکاری، واتە واتای وشە و کاریگەریی ڕێزمانییەوە بەدەستدێت، هەمان ئەو مەبەست و واتایە نییە، کە بە پشتبەستن بە چوارچێوەی باری گوتن (Context Of Situation) دەستگیردەبێت، چونکە ئەوان تەنیا ئەوەندە دەڵێن: ڕستەیەکی ئاڵۆزە (Complex Sentence)، کە بریتییە لە سەرڕستەیەک یا ڕستەیەکی سەرەکی لەگەڵ بەرڕستەیەک یا ڕستەیەکی لاوەکی و شوێنکەوتوو، کە مۆرفیمە گەیەنەرەکەی {گەر/ئەگەر}ە و دەرنەکەوتووە، و واتای مەرجی تێدایە، یا پارستەکەی مەرجییە (Conditional Clause)، واتە دانەگیرساندنی فێنککەرەوەکە لە کاتێکی دیاریکراودا مەرجی نەخۆشکەوتنی منە.

هەرچی واتای کرداری و بەکارهێنانە یا پراگماتیکییە، ئەوا ئەو مەبەستانەی ڕستەکە گەڵاڵەی دەکات بە هەند وەردەگرێت، بە پشتبەستن بە پراگماتیکی کارەکی (Applied Pragmatics)، کە وەکو لقێکی پراگماتیک گرنگی بە گرفت و ئاریشەکانی گەیاندن لە هەڵوێست و بارە جوداکاندا بە تایبەت لە کاتی پێوەندیکردندا دەدات، کە ئەنجامی مەترسیداری هەبێت (نحلة، ٢٠٠٢: ١٥)، بۆیە مانا لە ڕستەیەکی وەکو (٥) ڕوون و ئاشکرایە:

٥) نامەکە لەسەر مێزەکەیە.

بەڵام ئەگەر لە مەبەستی قسەکەر بگەیت، دەتوانرێت لە ڕووی پراگماتیکەوە چەندین واتای بدرێتێ، وەکو:

+ لەوانەیە پرسیارکردن بێت لە بارێکی ڕاستەقینەدا، واتە بگوترێت: نامەکە لەسەر مێزەکەیە؟

+ لە بارێکی دیکەدا لەوانەیە وەکو فەرمانێک لێکبدرێتەوە، بە تایبەت کاتێک بەڕێوەبەرێک فەرمانێک دەدات بۆ سکرتێرەکەی یا باوکێک بۆ کوڕەکەی، ...تاد. واتە نامەکە بگەیەنە.

+ بە کەسێک بڵێیت: نامەکەم بۆ نووسیویت، واتە داواکارییەکەتم جێبەجێکردووە.

ئەم مەبەستانە هەموو هێز، یا هێزی ڕەوانبێژی (Force Rhetoric)ن، چونکە دروستەیەکی دیاریکراون لە کەسێکی دیاریکراوەوە بۆ کەسێکی دیکە لە دەوروبەر و بارێکی تایبەتدا، بۆیە دەبێت واتایان بە پراگماتیک لێکبدرێنەوە، کەواتە ئەوە سینتاپراگماتیکە دروستەی ئەم ڕستانە و مەبەستەکانیان ڕاڤەدەکات.

**ڕو انینی چوارهەم:**

سینتاپراگماتیک توێژینەوەی دروستە و چۆنیەتیی "بەکاربردنی ڕستەیە لە پێوەندیکردندا، کە تێیدا لە پێوەندیی ڕستە و دەوروبەر، یان ڕستە چۆن لە دەوروبەردا بەکاردەهێنرێت دەتوێژێتەوە" (Richards & Schmidt, 2010, 449)

بەپێی ئەم پێناسەیە، سینتاپراگماتیک، تەواوکەری گشت لایەنەکانی واتا و دروستەیە، کە لێکدانەوەی سینتاکسی و شیکاری ڕۆنانی، ناتوانێت کامڵیان بکات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بێت لەم بۆچوونەدا ئەوەیە، کە سینتاپراگماتیک تەنیا شکیردنەوە بۆ ڕستە و بەستنەوەی بە دەورەبەرەوە ناکات، بەڵکو یەکە و دروستە تەکیەکخراوەکانی دیکەش دەگرێتەوە، بە وێنە لە فرێزێکی وەک:

٦) مەلەوانگەی داخراو

نموونەی (٦) لایەنە سینتاکسییەکەی فرێزێکی دەرخەرییە، کە لە دەرخراو (مەلەوانگە) و دەرخەرەکەی (داخراو)ە، بە یاریدەی مۆرفیمی {ی} خراونەتە پاڵیەکەوە، واتە سەرە (Head) لە لای چەپەوە فرەوانکراوە، بەڵام لایەنە واتاییەکەی ئەگەر نووسراوی تابلۆی ڕیکلامی سەر مەلەوانگەیەک بێت، ئەوا دەزانرێت، کە مەلەوانگەکە دانەخراوە، بەڵکو مەبەستی سەرداپۆشراوە و لە شوێنێکی چواردەورەدراودایە، بەڵام لە بەکارهێنان و دەوروبەری جیاوازدا دەگونجێت بە هەردوو مانا ڕاستەوخۆ و شاراوەکەی ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

**ڕو انینی پێنجەهەم:**

سینتاپڕاگماتیک ئەو کێڵگەی توێژینەوەیە، کە هەوڵدەدات قورساییەکی بابەتی و ڕاڤەکردن بۆ دروستە و دیاردە سینتاکسییەکان بکات، ئەویش بە "بە لێکۆڵینەوەی واتای ڕستەکان، بە بەستنەوەی بە دەوروبەرەوە و چۆنیەتی دەربڕین و ئاوازەکانیان لە چوارچێوەی پڕاگماتیکدا" (فەڕێ ئیبراهیم، ٢٠١٤: ٥٤).

بەپێی ئەم ڕوانین و پێناسەیە، ئەرکی سینتاپڕاگماتیک لێکدانەوەی واتای ڕستەکانە پەیوەست بە دەوروبەرەوە، نەک لە واتای وشەکانییەوە، چونکە واتای وشە تێکەڵ بە دەوروبەر دەبێت، و وەک خۆی نامێنێتەوە، بۆ تێگەیشتنی زیادتر با بڕوانینە نموونەی (٧):

٧) أ) کتێبەکەت خوێندەوە؟

٧) ب) منداڵەکەم نەخۆشبوو.

لە نموونەی (٧. ب)دا دەتوانرێت دوو جۆر لە واتا هەڵبگوێزرێت، یەکەمیان واتای سیمانتیکییە، کە گوێگر بە پرسکەر یا قسەکەر دەڵێت: منداڵەکەی نەخۆشبووە، بەڵام کاتێک ئەم ڕستەیە پەیوەستەگی دەوروبەر دەکرێت، ئەوا مەبەستی سەرەکی لە (٧. ب)دا وەڵامی گوێگرە، کە بە شێوازێکی پڕاگماتیکییانە لە بەرانبەرەکەی بگەیەنێت، چونکە منداڵەکەی نەخۆشبووە، کاتی نەبووە، کتێبەکە بخوێنێتەوە، کە ئەمەش واتای دووهەمی ڕستەکەیە یا واتا پڕاگماتیکییەکەیەتی، چونکە "مەبەست لە واتای پڕاگماتیکی ئەو واتایەیە، کە ناچێتە نێو سیمانتیکەوە، واتە بەشێک نییە لە واتای فەرهەنگی وشەکان و ئەو واتا ڕێزمانییەی کە لە چۆنیەتی ڕیزبوونی وشەکان لە ناو ڕستەدا بەدەستدێت" (کەریم و ڕەسوڵ، ٢٠١٩: ٦).

هەروەها زۆرجار نێرەر لە ڕێگەی ئاوازەوە هەڵوێست و هەست و مەبەستێکی تایبەت دەگەیەنێت، بە جۆرێک وشە و ڕیزبوونە ڕێزمانییەکان ناتوانێت بیگەیەنێت، واتە دەتوانێت بە گۆڕینی ئاواز مەبەستەکەی بگۆڕێت، وەک ئەوەی ڕستەیەکی هەواڵگەیەن دەشێت بۆ چەند ئەرک و مەبەستێکی جیاواز بەکاربهێنرێت، وەک: پرس، سەرسوڕمان، هەروەک ئەم نموونەیە:

٨) أ) باپیر کتێبەکانی هێنایەوە.

٨) ب) باپیر کتێبەکانی هێنایەوە؟

٨) پ) باپیر کتێبەکانی هێنایەوە!

گوێگر تەنیا بە هۆی دەوروبەرەوە دەتوانێت لە ڕستەکانی (٨. أ. ب. پ)دا مەبەستی قسەکەر یا نێرەر بزانێت، و لێکدانەوەی دروست و وەڵامی پەسەند بۆ ئەم مەبەستە ئامادەبکات.

**ڕوانینی شەشەم:**

توێژینەوەی سینتاپڕاگماتیکی "لەسەر بونیادی ئاڵوگۆڕکردنی نێوان واتای ڕستە و واتای تایبەتمەند دەبێت" (فەڕێ ئیبراهیم، ٢٠١٤: ١١).

لەم ڕوانینەدا بۆ بنیاتنانی واتای تایبەت دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، چونکە نێرەر زۆرجار ئەو واتا و چەمکەی دەیگەیەنێت ناڕاستەوخۆیە، یا پترە لەوەی دەیڵێت، با بڕوانینە ئەم نموونەیە:

٩) درەنگ نییە؟

ئەم دەربڕینە لە شێوەی پرسدایە، بە واتا لە لایەن نێرەر ناڕاستەوخۆ بە پرس دەربڕاوە، بەڵام کاتێک مامۆستایەک ئاڕاستەی یەکێک لە خوێندکارە دواکەوتووەکانی دەکات، ئەوا پرسەکە مەبەست نییە، بەڵکو دەبێتە کردەی توانجلێدان، لە ڕاستیدا لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەم ڕستانە بە هەردوو لایەنی >>سینتاکس<< و >>پڕاگماتیک<< ئەنجامدەدرێت، کە یەکەمیان باسی ئەوە دەکات ڕستە پێکهاتەیەکی فرەئەرکە، یا واتایەکی ئاڵۆز دەبەخشێت، هەرچی لایەنی دووهەمە یا پڕاگماتیکە زیادتر مەبەست لێی ئەوەیە، کە ڕستەکان بەپێی دروستەی سینتاکسییان و پەیوەست بە دەوروبەرەوە واتای پڕاگماتیکی دەبەخشن.

**بەم شێوەیە هەموو ڕوانینەکان سەبارەت بە سینتاپڕاگماتیک کۆک و کۆڕا (الاجماع)ن، لە بارەی:**

١. لێکدان و پێکەوەبەستنی هەردوو ئاستی سینتاکس و پڕاگماتیکە لە ژێر ناوی سینتاپڕاگماتیکدا، یا پەسنکردنێکە، گرنگی بەو دروستە و ئەرکانە دەدات، کە شێوە ڕێزمانییەکان بۆیان بەکارهێنراون.

٢. سینتاپڕاگماتیک، بەهای سینتاکسییانە (Syntax Relvant) و مەرجی پڕاگماتیکی لە یاساکانی زماندا دەگرێتەوە. بە جۆرێک ئەم زانستە توێژینەوەیە لە پێوەندیی ناوەکی سینتاکس و پڕاگماتیک، هەروەها ئاماژەش بەوە دەدات، کە سینتاکس بە شێوەی پڕاگماتیکی پەیوەستە بە دروستە و دەربڕاوەکانەوە، وەک (فرێز، ڕستە و دەربڕاوە چەسپاوەکان).

٣. چۆن دروستەیەکی سینتاکسی لە کردەی پێوەندیکردندا کاریتێکراوە، هەروەها چۆن کردەقسەییەکان و نیشانەپڕاگماتیکییەکان و بنەماکانی دیکەی پڕاگماتیک بەکاردەبرێن و لێکدەدرێنەوە.

٤. چۆن لێکدانەوە و بەکارهێنانی ڕستە و فرێزێک پشت بە زانیاریی جیهانی ڕاستەقینە دەبەستێت، واتە چۆن شتێک دەگوترێت و دەنووسرێت، بەڵام واتایەکی دیکە مەبەست دەبێت.

٥. سینتاپڕاگماتیک پەیوەستە بەوەی، هەموو واتایەکی پڕاگماتیکی مەرج نییە لە واتای سیمانتیکییەوە هاتبێت، یا لە واتای وشەکان و کاریگەریی ڕێزمانییەوە.

٦. سینتاپڕاگماتیک گرنگی بە دروستەی یەکە تەکیەکخراوەکان و چۆنیەتی و چییەتیی کارکردنیان دەدات، هەروەها ئەوە دەردەخات، کە فۆڕمی زمانی بە تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەستەکان سەرکەوتوونابێت.

بۆیە دوای ئەم ڕوانین و ڕوونکردنەوانە دەکرێت بگوترێت: سینتاپڕاگماتیک، زاراوەیەکی زمانەوانییە، کە وەک وابەستەکردنی سینتاکس و پڕاگماتیک دەناسێنرێت، یا ئاماژەکردنە بە تایبەتمەندییە سینتاکسی و واتاییەکانی دروستە تەکیەکخراوەکان، بە خستنەڕووی هەردوو پێوەری دروستە و دەربڕین، لەگەڵ لایەنی واتایی و بەستنەوەی بە دەوروبەرە جۆراوجۆرەکانەوە جێبەجێدەکرێت، بە گوتەیەکی دیکە بریتییە لە پشکنینی ڕووکارە پڕاگماتیکییەکانی تەرزە نموونەییەکان، کە بەپێی ڕێسا و بنەما سینتاکسییەکان ڕیزبەندکراون و بەرهەمهێنراون، کە بە گوێرەی دەوروبەر و بارودۆخە جیاوازەکان واتایان دەگۆڕێت، و لێکدەدرێنەوە، یان

دەکرێت بگوترێت: سینتاپڕاگماتیک لە کۆمەڵە یاسایەکی جۆراوجۆر پێکدێت، هەموویان پێکەوە دەستگایەك لە یاساو پرەنسیپ پێکدەهێنن، کە لە دروستە سینتاکسییەکاندا کاردەکەن و ڕێزمانێکی پەسنی بەرجەستە دەکەن، بە هۆیەوە دیاردە زمانییەکان پەیوەست بە دەوروبەر و مەبەستی نێرەرەوە لێکدەدرێتەوە، بە واتا شیکردنەوەیەکی زانستی بۆ دورستە پراگماتیکییەکانی زمان، کە (دەربڕی بیری قسەکەرن) دەکات. هەروەها سینتاپڕاگماتیک، زانستێکی جێبەجێکەرانەیە، چونکە بەرهەمی زانستی سینتاکس و بنەماکانی پراگماتیک لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دروستەکاندا بەکاردەهێنێت.

١ . ١ . ٤: ئەرکەکانی سینتاپڕاگماتیک

شیکردنەوەی سینتاپڕاگماتیکی هەر زمانێک هەوڵدەدات بۆ دەرخستن و لێکدانەوەی ئەو یاسا و بنەما گشتییانەی لایەنی سینتاکسی و پراگماتیکی حوکم دەکەنە سەریان، بۆیە دەبێت ئەم زانستە بە لای کەمی چەند ئەرکێک بەجێبهێنێت:

١. دەستنیشانکردنی کەرەستە و یەکەی سینتاپڕاگماتیکی زمانەکە، کە دروستە تەکیەکخراوەکانن، لەگەڵ گرنگترین پێواژۆکانی.

٢. چۆن لە هەندێک باردا نێرەر دەتوانێت مەبەستێکی جیاوازتر لە فۆرمی دەربڕاوەکە بگەیەنێت؟ واتە خستنەڕووی ئەو پێوەندییە واتایانەی فۆرمەکانی زمان و ڕێزمان لە دروستەی ڕستە و یەکەکانی دیکەی سینتاکسیدا بەپێی دەوروبەر لەخۆیدەگرن.

٣. سینتاپڕاگماتیک، پێویستە ڕوونیکاتەوە بۆچی دەربڕین بە ناڕاستەوخۆیی باشتر و کاریگەرترە لە ڕاستەوخۆ؟ هەروەها نیشاندانی جۆر و کەڵکی دەربڕاوە ناڕاستەوخۆیەکان.

٤. دیاریکردنی چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی یەکە سینتاپڕاگماتیکییەکان لە ئاوەز و بە خۆزانی (سەلیقە)ی ئاخێوەرانەوە، واتە ڕستە و دەربڕاوە چەسپاوەکان بەو بارودۆخە دەبەستێتەوە، کە لە زمانەکەدا بەرهەمدەهێنرێن.

٥. دەربڕاوە سینتاکسییەکان بەو دەوروبەرە دەبەستێتەوە، کە لە زمانەکەدا هەیە، و لە ئاکامدا ئەو مەبەست و واتایەی لە هەر دەربڕاوێکی زمانیدا هەیە دەخرێتەڕوو، بە واتا دیاریکردنی ئەو مەبەستەیە لە مێشکی نێرەر و وەرگردا هەیە.

٦. ئەو دەربڕاو و دروستانەی واتای پەنامەگییان پەیوەست بە کەلتور و دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە لە خۆیاندا هەڵگرتووە، لە وەرگێڕاندا چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

٧. ئەرکێکی دیکەی سینتاپڕاگماتیک وەستانە لەسەر نائاسایی و نەگونجان لە واتای دەربڕاو و یەکە سینتاکسییەکان، و گونجاندنیانە بە هێنانە نێوەوەی دەوروبەری شیاو.

٨. نیشاندانی کاریگەری و لێکەوتەی واتای پڕاگماتیکیی یەکە و دەربڕاوە سینتاکسییەکان لە فێربوون و فێرکردنی زماندا.

٩. دیاریکردنی ڕۆڵی (لەگەڵ هاتووەکان ـ prosody)، کە مەبەست لە هێز و ئاواز و نێوانە و ... تاد.، لەگەڵ ئاماژە نازمانییەکان و پەرەزمانییەکان، و کاریگەرییان بەسەر واتا و مەبەستی ڕستە و دەربڕاوەکانەوە.

١٠. سینتاپڕاگماتیک دەتوانێت ئاسانکاری لە پەسنی بنیاتی واتایی (Semantic Description)دا بکات، ئەمەش لە بەراوردی ئەم دوو ڕستەیەدا دەردەکەوێت:

١٠) باپیر پارچە زەوییەکی کڕی و کردییە خانوو.

١١) کابول پایتەختی ئەفغانستانە و بەیروت پایتەختی لوبنانە.

واتای مۆرفیمی لێکدەری {و}ی ئەم دوو ڕستەیە جیاوازە، چونکە لە (١٠)دا، کە ڕستەیەکی هاوڕێکە ڕیزکردن و بەدوایەکداهاتنی گەیاندووە، واتە تا یەکەم ڕوونەدات دووهەم ڕوونادات، بۆیە ناکرێت هەردوو ڕستەکە ئاڵوگۆڕبکرێن (بڕوانە: ١٢)، بەڵام لە ڕستەی (١١)دا تەنیا واتای هاوبەشیی گەیاندووە، بۆیە دەکرێت ئاڵوگۆڕیش بکرێن، وەک لە (١٣)دا هاتووە.

١٢) *کردییە خانوو و باپیر پارچە زەوییەکی کڕی.

١٣) بەیروت پایتەختی لوبنانە و کابول پایتەختی ئەفغانستانە.

لە بەرانبەر ئەم جۆرە نموونانەدا سیمانتیک چارەسەرێکی ئەوتۆی نییە، جگە لەوەی بڵێت: مۆرفیمی {و} ڕۆڵی لێکدان و بەستنەوە دەبینێت، بەڵام پەسنی سینتاپڕاگماتیکی دەبێت چارەسەری گونجاو بۆ ئەم کێشانە بدۆزێتەوە، تایبەت پەیوەست بە لێکەوتە ئاخاوتەییەکانەوە. (بڕوانە: کەریم، ٢٠٠٩: ٥٠٤)

١١. سینتاپڕاگماتیک ئیکۆنۆمیکردنە لە زماندا، یا ئیکۆنۆمیکردن وەکو وزە (Economy as Effort) یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانیەتی، بۆیەشە لە ئاخاوتن و نووسیندا کەڵک لە زانیاریی پراگماتیکی وەردەگیرێت لە بەرهەمهێنانی ڕستەکانی زماندا، ئەگەرنا ڕستە و دەربڕاوەکان گەلێک درێژدەبن، بۆ بەرچاوڕوونی با بڕوانینە ئەم نموونەیە:

١٤) أ) ئەگەر باپیر هات بڵێ دەگەڕێمەوە.

١٤) ب) باشە.

شیکاری سینتاپڕاگماتیکی لە دەربڕاوی (١٤)دا بەپێی واتای پڕاگماتیکی و زانیاریی بەشداربووانی دەربدەخات، کە واتا و زانیارییەکی زۆر لەم ئاخاوتنەدا هەیە، لە بەرانبەردا دەربڕینەکان زۆر کورتن، بە واتا بنەمای چییەتی بەزێنراوە، و بڕی زانیاری بەپێی پێویست نییە، بە جۆرێک (أ) ئەو زانیارییانە دەداتە (ب):

+ (أ) ئاگاداری (ب) دەکات، هەر کاتێک (باپیر) هات، پێی بڵێت: (أ) لێرە نییە.

+ ئاشکرایە (ب) باپیر دەناسێت.

+ (أ) بە (ب) دەڵێت: باپیر دێت بۆ ئەو شوێنە، یا چاوەڕوانی هاتنی دەکات.

+ (أ) داوا لە (ب) دەکات، کە باپیر لەو شوێنە بهێڵێتەوە، تاوەکو دەگەڕێتەوە.

هیچ کام لەو زانیاریانە، لە پێکهاتەی زمانی یا سینتاکسیدا نەهاتوون، تەنیا بە هۆی دەوروبەرەوە ئەو واتایانە هەڵدەهێنجرێن (بڕوانە: عەلی، ٢٠١٤: ٢١).

١٢. بە گۆڕەی ئامانج و سنوری هەر کار و توێژینەوەیەک، دەکرێت لایەنێکی یا بەشێکی لایەنێکی زمانەکە وەربگیرێت، و بەپێی (یەکێ یا هەموو) ئەو ئەرکانە شیبکرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت (ڕۆڵی ئاواز لە رووی سینتاپراگماتیکییەوە) شیبکەینەوە، ئەوا دەبێت ئەم هەنگاوانە بگرینەبەر:


.هێز و ئاواز، وەک دوو کەرەستەی ناکەرتی و ڕۆڵ و جۆری هەریەکەیان.

.ئاواز لە لێکدانەوەی دیاردە سینتاکسییەکاندا دەستنیشابکەین.

.ئەو مەبەست و بوارانەی ئاواز دەیانگەیەنێت لە ڕستەدا هەڵیهێنجین.

١ . ٢: بنەماکانی سینتاپراگماتیک

ئەو بنەمایەی سینتاپراگماتیکی لەسەر بنیاتنراوە، بریتییە لە دروستە و واتای پەیوەست بە دەوربەرەوە، هەرچەندە سنوری نێوان ئەم دووانە دیارە، چونکە ئەگەر سەرنجبدرێت، سینتاکس پێڕەوێکی فۆرمئاسای ڕەهایە لە زماندا، پراگماتیکیش چەند بنەمایەکە بۆ بەکارهێنانی زمان، بەڵام زۆرجار ئاوێتەبوونێک لە نێوان ڕاڤەی فۆرم و ئەرکیدا دروستدەبێت، کە کاریگەری بنچینەیی بەسەر تێگەیشتن و تێڕوانینی تاکەوە دەبێت (Leech, 1983: 4)، تایبەت کاتێک واتای دروستەکان وابەستەی دەوروبەر دەکرێت، چونکە وشەکان ئەگەرچی واتادار یا هەڵگری واتان، بەڵام ناتوانن واتای تەواو بگەیەنن، بەڵکو واتاکانیان لە ئەنجامی کارکردنیانەوە وەک بەشێکی ڕستە ڕەوانتر و پاراوتردەبێت (palmer, 1981: 37)، بۆیە لەم بارەوە دەگوترێت: "بە دوای واتای وشەدا مەگەڕێ، بەڵکو بە دوای بەکارهێنانیدا بگەرێ" (أبو ناصر، ١٩٨٢: ٣٣)، چونکە هەندێکجار یەک واتای فەرهەنگی بەرانبەر چەند واتایەکی دەوروبەری یا بەکارهێنان دەوەستێتەوە، بە واتا دانە فەرهەنگییەکان کرۆکە واتا و توێکڵە واتایان دەبێت، هەروەکو وشەی (شکا)، کە لە ڕستەکانی (١٥)دا هاتووە، واتای جۆراوجۆر دەگەیەنێت، چونکە لە دەوروبەری جیاوازدا بەکارهاتووە، تەنیا لە (١٥ . أ)دا کرۆکە واتایەکەی گەیاندووە، کە واتای بنەڕەتی وشەکەیە، و لە کێڵگەی واتایی وشەکەدا هەیە، ئەگەرنا واتاکانی دیکەی توێکڵە واتان:




(عەلی و حسەین، ٢٠١٣: ٣٩)

بۆیە ئەگەر وەکو چەمکێکی فرەوان و پێوەندیدار بە گەلێک لایەنەوە سەیری واتا بکرێت، ئەوا دەکرێت بگوترێت: "گەڕان بە دوای واتادا ئەوە نییە، بە دوای بوونێکی سەربەخۆ، یان ئەو بوونانەی وشەکان هەیانە بگەڕێین، بەڵکو بریتییە لە تێگەیشتنی ماهیەت و مەبەستی وشەکان و ڕستەکان، بە واتایەکی تر وشەکان و ڕستەکانی زمان چۆن واتا وەردەگرن، یان واتاداردەبن" (زوین، ١٩٨٦: ٩١) لە دەربڕاو و یەکەکان لە دابەشبوونە زمانییەکاندا (Distribution Linguistics). هەر لەم بارەوە (لاینز) دەڵێت: "ئەو دەق و دەربڕاوەم بدەیێ، کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە، واتاکەت دەدەمێ" (لاینز، 1980: ٢٣)، ئەم گرنگیدان و جەختکردنەوەش لە بارەی واتا و واتای بەکارهێنان "وەک کاردانەوەیەک بۆ گرنگیدانی زانای ئەمریکی (نەوام چۆمسکی Noam) دەگەڕێتەوە، کە زمانی وەک ئامرازێکی ڕووت خستەڕوو، یان وەک توانستێکی عەقڵی جوداکراوە لە بەکارهێنانە زمانەوانییەکان و بەکارهێنەرانیان و ئەو ئەرکانەی ئەنجامی دەدەن" (خەتیب و ڕامۆس و بوقرە، ٢٠٢١: ١٠)، بە جۆرێک لە سەرەتای کارەکانیدا پێی وابوو ڕستە ئەو کاتە دەبێتە کەرەستەی توێژینەوە، کە لە دەوروبەر دابڕابێت، بەڵام ئەمڕۆ لە زماندا بەگشتی دوو فیچەر جیادەکرێتەوە ئەوانیش: یەکەم: زمان لەو تاکە دەنگە، یا کۆمەڵە دەنگە پێکهاتووە، کە بە هۆیەوە پەسنی نموونەکان دەکرێت. دووەم: زمان بۆ گەیاندنی نامە لە دەرەوەی زمان بەکاردەبرێت. (عبدالعزیز، ١٩٨٣: ٢٣٤)، لێرەدا دەکرێت سیمای یەکەم بە دەربڕین ناوزەدبکرێت، و دووەمیش بە ناوەڕۆک یا واتا و مەبەست دابنرێت، لە لایەکی دیکەشەوە، ئەگەر زمان دوو لایەنی هەبێت، کە یەکەم: لایەنی هەستپێکراو (المحسوس)، کە لایەنی فیزیایی و گۆکردن دەگرێتەوە، و بە هۆی درکاندنەوە دەبیسترێت و بە نووسینیش دەخوێندرێتەوە. دووەم: لایەنی واتا (المعنی)، کە زۆرجار بە هۆی دەوروبەرەوە لێی تێدەگەین. (اسلام، ١٩٨٥: ١٣) لەمەشدا لایەنی یەکەم دروستە، یا فۆرم و پێکهاتەی دروستەکان دەگرێتەوە، لایەنی دووەمیش واتایە، گومانی تێدا نییە هەردوو لایەن یەکدی تەواودەکەن، چونکە ئەگەر زمان پێڕەوێکی زانیارییەکان بێت، یا بە گوزارشتێکی وردتر پێڕەوێکی گەیاندن (تێگەیشتن و تێگەیاندن ـ Communication) بێت، ئەوا ئەرکەکەی بریتی دەبێت لە بەستنەوەی پەیامی (واتا و مەبەست) بە کۆمەڵێک هێما (دەنگەکانی زمان یا هێماکانی دەق نووسراو)ەوە (بالمر، ١٩٨١: ٨).

زمانەوانان کۆڕا و کۆکن لە بارەی ئەوەی "کاتێک توێژینەوە لە پێوەندیی نێوان دانە واتاییەکان دەکرێت، بێئەوەی ئاماژە بە دروستە و فۆرمی دەربڕینەکانیان بکرێت، ئەوا بەم کارە ناگوترێت توێژینەوە لە زمانێکی تایبەت کراوە، بەڵکو لەم بارەدا تەنیا توێژینەوە لە چەمکە گشتییەکانی مرۆڤایەتی کراوە. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە ئەگەر باس لە فۆرمەکانی دەربڕین بکەین، بێئەوەی بە واتاوە بیانبەستینەوە، بەمەش دەگوترێت دراسەی کۆد یا جفرەیەک کراوە، و هەوڵی چارەسەرکردنی نەدراوە، دیسان لێرەشدا باس لە زمانێکی تایبەت نەکراوە، لە ئەنجامدا دەگەینە گریمانەی سێیەم، کە چاکترین و نزیکترین پێکانەیە بۆ گەیشتن بە مەبەست، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت پێڕەوی واتا شانبەشانی پێڕەوی دروستە و فۆرم لەبەرچاوبگیرێت" (عبدالعزیز، ١٩٨٣: ٢٣٥)، ئەمەش دەبێتە ئەرکی سینتاپراگماتیک، و تێیدا تیشک دەخرێتە سەر ئەو لایەنانەی واتا، کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە ڕۆنانی زمان و بەکارهێنانەوە هەیە.

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی سینتاپراگماتیکییانەی دروستە و یەکە سینتاکسییەکاندا، لە لایەکەوە

پێویستە گرنگیی زۆر بەو ئەرکانە بدرێت، کە بۆیان بەکاردەهێنرێن، لە لایەکی دیکەشەوە گرنگی بە فۆرم و دروستەکانیان بدرێت، هێنانەدی ئەم ئامانجەش گرێدراوی کۆمەڵێک لە بنەمایە، واتە بۆ دەرخستنی (دروستە و ستراکچەری یەکە سینتاکسییەکان) و (واتا و مەبەست) یا چۆنییەتی بەکارهێنانیان دەبێت، ڕەچاوی چەند بنەما و پێوەرێک بکرێت، بەم شێوەیە:

١ . ٢ . ١: بنەما و پێوەرە پراگماتیکییەکان

لێکدانەوە سینتاپراگماتیکییەکان، تێیاندا ڕەچاوی چەند وەچە بنەما و پێوەرێکی پراگماتیکی دەکرێت بۆ دیاریکردنی واتا و مەبەستی یەکەکان، کە بریتین لە:

**یەکەم: قسەکەر و نێرەر**: بنەمای یەکەمە، لەوەوە کردەی پێوەندیکردن و گەیاندن دەستپێدەکات، کاتێک پەیام و بابەتێک ئاراستەی وەرگر و گوێگر دەکات (عەلی، ٢٠١٤: ٣٦)، کە لە ئەنجامی وروژاندن و هۆشیارکردنەوەیەکەوە دەبێت. بە گوتەیەکی دیکە بە یەکێك لە بناخە زیندووەکانی چوارچێوەی پێوەندییە زمانییەکان هەژماردەکرێت، و پاڵنەری یەکەمینە بە ئاراستەی بەرهەمهێنانی پەیامێک، کە ئاراستەی بۆ نێردراو یا گوێگر و وەرگر دەکرێت.

**دووەم: گوێگر و وەرگر**: ئەو کەسەیە پەیام و بابەتەکە لە ڕێگەی (چاو) و (گوێ)وە وەردەگرێت، و بە ئەرکی شرۆڤەکردن و دیاریکردنی واتا و مەبەستەکەی هەڵدەستێت، یا لە مێشکدا شیدەکاتەوە، جا ئەگەر پەیامەکە ڕاستەوخۆبوو ئەوا خێرا تێدەگات و شیدەکاتەوە، ئەگەر ناڕاستەوخۆشبوو ئەرکی مێشک قورستر دەبێت، و پێویستی بە تێگەیشتنی قووڵ دەبێت، کە هەندێکجار گرانە یا ئەستەمە (هجمان، ٢٠٠٠:١٧٢).

**سێیەم: بابەت:** ئەو بیرۆکە و بابەتە دیاریکراوەیە، کە قسەکەر یا نێرەر لە ڕێگەی هێمایەکی گونجاوەوە ئاراستەی بەرانبەر و گوێگرەکەی دەکات (دزەیی (أ)، ٢٠١٤: ٥٠).

**چوارەم: پەیام:** ئەو نامەیە ئاراستەی وەرگر دەکرێت، کە هەڵگری واتا و مەبەستێکی دیاریکراوە (سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو)، بە گوتەیەکی دیکە پەیام دەقێکی زمانییە لە دوای بەکارهێنان، کە نێرەر بە قسە، واتە بە زارەکی یا بە ڕێگەی نووسین و وێنە ئاراستەی وەرگری دەکات، کە دەبێت هەڵگری واتا و مەبەست بێت، گرنگترین بنەماکانیشی بریتین لە: "نیشانەکان (الرمز) ، ناوەرۆک (المضمون) واتا و مەبەست دەگرێتەوە، لەگەڵ شێواز (الاسلوب)، واتە شێوەی پێشکەشکردن" (الموسی، ٢٠٠٣: ٧١).

**پێنجەم: ڕووداوی ئاخاوتن:** مەبەست لە ڕووداوی ئاخاوتن (speech event)، "ستراتیژەکانی قسەکەر و پلان و مەبەست و ئامانجەکانی دەگرێتەوە" (حسەین، ٢٠١٣: ١٠٤)، چونکە قسەکەر کاتێک دەربارەی دیاردە و بابەتێک دەدوێت یا دەنووسێت، ئەوا بە دوو هەنگاوی (پلاندانان) و (ڕاپەڕاندن) کردەکە جێبەجێدەکات، بە جۆرێک سەرەتا پلانی گشتی ئاخاوتن بە واتا لایەنی واتایی یا واتا و مەبەستی دەربڕینەکە لەگەڵ جۆرەکەی واتە ئەو بیرۆکە و مەبەستەی دەیەوێت بیگەیەنێت بە گوێگر دیاریدەکرێت، دواتر لایەنە زمانەوانییەکەی، کە پلانی ڕستە و پێکهێنەرەکانی (Constituent) دەگرێتەوە (دزەیی (ب)، ٢٠١٥:٢) لە لایەکی دیکەشەوە "پراگماتیک جەخت لە پێواژۆکانی بەکارهێنانی زمانی دەکاتەوە" (Verschueren, 1999:115)، کەواتە ناکرێت ڕووداوی ئاخاوتن لە شیکردنەوە سینتاپراگماتیکییەکان نادیدە بگیرێت.

**شەشەم: دەوروبەر**: گرنگترین بنەمای پراگماتیکە، بە هۆیەوە لە سیمانتیک جوادەبێتەوە، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان بەسەر بەکارهێنانی زمان و مەبەستەکەیەوە هەیە، (فێرس ـ Firth) وەک ڕابەری قوتابخانەی لەندەنی زمانەوانی بایەخێکی تایبەتی بە دەوروبەر داوە، و لەسەر دەستی ئەم زانایە و زانایانی دیکەش بەرەوپێشچووە (عمر، ١٩٩٨: ٦٨)، چونکە ئەوان پێیانوایە دەوروبەر بەشێکە لە زمان، و "هۆکاری فراوانکردنی توانای دەربڕاوێکە، دەکرێت دەوروبەر زمانی بێت ... بەڵام مەودای دەوروبەر پتر لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و فیزیکدا دەردەکەوێت، بە گشتیش >>زانیاری ـ knowledge<< دەگرێتەوە" (ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٤٧)، بە گوتەیەکی دیکە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە کار لە واتا و مەبەست دەکەن، (هالیدەی) دەڵێت: دەوروبەر بەشێکە لە پلانی گشتیی زمان، لێرەدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان چ دەڵێین و چۆن دەیڵێیندا نییە؟، چونکە زمان لە ڕێگای بەکارهێنانی دەوروبەرەوە دروستدەبێت، و هەرچییەکی تێیدایە بە دەوروبەرەوە بەستراوەتەوە (احمد، ١٩٨٩:٨٢-٨٣)، بۆیە گرنگی و کاریگەرییەکی زۆری بۆ لێکدانەوەی واتا و مەبەست هەیە، تاکە هۆکار و ڕێگەیە واتای مەبەستمان بۆ ڕووندەکاتەوە (اولمان، ١٩٨٦: ٦٣)، هەروەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

١٦) أ) کاژێر چەند نان دەخۆین؟

١٦) ب) دوای بانگ.

لەم نموونەیەدا (١٦. ب) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیاری (١٦. أ)ە، و بنەمای چەندایەتی و پێوەندیی بەزاندووە، بۆ بەدەستهێنانی لێکەوتە، ئەوا پرسکەر زانیاریی دونیایی خۆی دەخاتەکار، و ڕستەکە بە دەوروبەرەوە دەبەستێتەوە، وەک ئەوەی ئێمە کۆمەڵێکی موسڵمانین و پێنج نوێژ لەسەرمان پێویستکراوە. جا بۆ ئەوەی لێکەوتە بەدەستبهێنرێت و کاتەکە بزانرێت، ئەوا دەبێت کاتی نوێژەکان لەبەرچاوبگیرێت، بەم شێوەیە کاتەکە دەزانێت. هەر لە بارەی گرنگیی دەوروبەرەوە (سێبستیان ـ Sebastian) ئەوە دەخاتەڕوو، کە تەنیا ئەسپێکتەکانی دەوروبەری دەربڕاو، بابەتی بیر و ئاماژە و ڕاستی یەکەکەیە، کە بریتین لە:

١. بەرهەمهێنەری دەربڕاوەکە.

٢. وەرگر، یا لێکدەرەوەی دەربڕاوەکە.

٣. ئەو کاتەی دەربڕاوەکەی تێدا بەرهەمهاتووە.

٤. ئەو شوێنەی دەربڕاوەکەی تێدا بەرهەمهاتووە.

(Loebner, 2002: 3 – 9)

هەروەها دەوروبەریش یەک جۆر نییە، لەم ڕووەوە بە پشتبەستن بە بۆچوون و تێڕوانینی زمانەوانەکان لەم بوارەدا، دەکرێت دوو چەشنی سەرەکی دیاریبکرێت:[٢]

١. دەوروبەری زمانی (چێوەی نێوەوەی زمان)     ٢. دەوروبەری نازمانی (چێوەی دەرەوەی زمان)

ئەوانیش لقی دیکەیان لێدەبێتەوە.

سەبارەت بە ڕەگەز و توخمە پێکهێنەرەکانی دەوروبەریش کۆڕایی زمانەوانان بەرچاوناکەوێت، بە جۆرێک لە دیدی (هالیدای)یەوە، دەوروبەر لە سێ ڕەگەز پێکهاتووە، بڕوانە هێڵکاریی (١ : ١) لە:



هێڵکاریی (١ : ١)

(دزەیی (پ)، ٢٠١٤: ٥٥)

لە دیدی (هایمز)ەوە دەوروبەر فرەوانترە، هەریەکە لە [نێرەر، وەرگر، ئامادەبووان، بابەت، دەوروربەر (کات و شوێن و پێوەندیی فیزیایی بە چاو ئاماژە و نیشانەکان) ، کەناڵ ( قسەکردن، نووسین و ئاماژە)، شێوەی پەیام (گفتوگۆ، نامەی خۆشەویستی و وروژاندن، ...تاد.)، لەگەڵ کلیل] دەگرێتەوە، یا ئەمانە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەوروبەرن.

لە بەرانبەردا تێڕوانینی (لیڤیس) بە جۆرێکی دیکەیە، و پێیوایە دەوروبەر، بریتییە لە: [جیهانبوون، کات، شوێن، قسەکەر، ئامادەبووان، ئاماژەبۆکراو، ئەو ڕستانەی گەڕانەوەی پێشوویان تێدایە، و تایبەتیبوون]. (بڕوانە: دزەیی (پ)، ٢٠١٤: ٥٥-٥٦)

١ . ٢ . ٢: پێکهێنەر و واتای دروستە

لە ڕووی سینتاپڕاگماتیکەوە بۆ ئەوەی دەربڕاو و یەکەیەکی تەکیەکخراو، کە ئەرکی گەیاندن و پێوەندیکردنی جێبەجێکردووە، ڕاڤەبکرێت، دەبێت لە چەند وشەیەک پێکهاتبێت، هەر وشەیەکیش بە دەوری خۆی واتایەکی بەخشیبێت، بەڵام ئەم مانایە وەکو خۆی نەمابێت و تێکەڵ بە دەوروبەر بووبێت، بۆ نموونە:

١٧) دەرگا لەسەرپشتە.

واتای ڕستەی (١٧) ئەگەر کوردیزان نەبیت، ئەوا لە واتاکەی ناگەیت، چونکە واتاکەی لە وشەکانەوە دەرناکەوێت، بەڵکو پێویستە دەوروبەر بهێنرێتە نێوەوە، تاوەکو لە واتا و مەبەستەکەی بگەین، چونکە لەوانەیە:

+ شوێنەکە هەر دەرگای نەبێت.
+ دەنگە دەنگێک بێت.
+ شوێنەکە ساردبێت.
+ تورەبوونبێت بۆ کردنەدەرەوە.
+ وێڵنواندنبێت بۆ فەرمووکردن. ...

بەم شێوەیە تەنیا شێوەی دەرەوەی زمان نەگۆڕە، کەچی واتاکەی ژێرەوەی و بەها دەروونییەکەی جیاوازە بە جیاوازیی سەرنجدان یان گرنگیدانی بیری (سابیر وأخرون، 1993: 19)، بۆیە توێژینەوە لە بەکارهێنانی زمان تەنیا لایەنی دەرەوەی زمان ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی ژێرەوەش دەگرێتەوە، کە پێوەندیی بە واتا و مەبەستەوە هەیە، ئەگەرچی زمان لە خودی خۆیدا ڕێگایەکە بۆ گواستنەوەی ڕاستییەکانی ژیان، بەڵام تەنیا کرۆکی ڕاستییەکان پێشکەشناکات، بەڵکو ئارەزووی قسەکەریش هەڵدەگرێت بەرەو خەڵکانی دیکە ... هەروەها زمان تەنیا بەبیرکردنەوەی لۆژیکییەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بە دەروونی مرۆڤ و هەڵچوون و هەست و نەریتەکانی بەستراوەتەوە (محسب، 2008: 13)، لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ژینگە و دەوروبەرە جۆراوجۆرەکانی دیکەش، کە دەبێت لە ڕاڤەکردنە سینتاپڕاگماتیکییەکاندا لەبەرچاوبگیرێن.

١ . ٢ . ٣: پێشبینی واتایی

بنەمایەکی دیکەی ڕاڤەکردنی سینتاپڕاگماتیکی پێشبینیکردنی واتایە، واتە دەبێت پێشبینی واتایی بۆ یەکە و دروستەکان بکرێت، لە ڕێگەی ئەو وشانەوە، کە بەشدارییان لە داڕشتن یا پێکهێنانیدا دەکەن (عەلی، ٢٠١٤: ٣٧)، چونکە لە ڕووی سینتاکسییەوە قسەکەر چی هەڵدەبژێرێت و چی هەڵنابژێرێت پێوەندیی بە پێشگریمانە (Presupposition)ەوە هەیە، واتە ئەوەی لای گوێگر زانراو و ئاشکرایە باسیناکات، چیش نازانێت باسیدەکات (فەتاح، ٢٠١١: ١٨٥)، بۆ نموونە کاتێک دەگوترێت:

١٨) کورەکەی باپیر هات.

لەم نموونەیەدا پێشتر شت سەپێنراوە، دیارە (باپیر) خاوەن خێزانە و کوڕێکی هەیە، و ئەو کوڕە گەورەیە، بەڵام پێویست بەو زانیارییە زانراوانە نەبووە، چونکە پێشنبینیکراون، یا لای گوێگر ئاشکران، بۆیە ئەو ڕستەیە ڕەچاوی پێشگریمانەی تێدا کراوە. لەم بارەوە (William O. Hendricks) چاکی بۆچووە، کە پێیوایە "تاکە ڕستەیەک ناتوانرێت خۆی بە تەنیا لێکبدرێتەوە، لێکدانەوە و ڕاڤەیەکی واتادار، ئەگەر شوێنەکەی لە نێو چوارچێوەی بنیاتەکە هەموویدا نەبێت" (هندریک، ٢٠٠٤: ١٦) ئەم بۆچوونەش دروست لەگەڵ سینتاپڕاگماتیکدا دێتەوە، چونکە هەر لێکدانەوە و ڕاڤەیەک بۆ ڕستە لە دەرەوەی چوارچێوە و شوێنی بەرهەمهێنانی بکرێت، گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت بە هەڵەماندا ببات، یا نەتوانین لێکدانەوەی بۆ بکەین.

١ . ٢ . ٤: هێز و ئاواز و نێوانە

ئەمانە دەکرێت بە >>لەگەڵ هاتووەکان - prosody<< ناوببرێن، کە هەموو ئەو دیاردە دەنگییانەی لە ڕێگەی گوتنەوە دەردەبڕرێن دەگرێتەوە (غەریب، ٢٠١٩: ٦)، لێرەدا پەیوەست بە لێکدانەوەی سینتاپڕاگماتکییانەی دروستە و یەکەکان ڕۆڵی هەریەکە لە >>هێز (stress)

و ئاواز (intonation) نێوانە (juncture)<< دەخرێتە بەرچاو، پێویستە ئەوە بگوترێت: ئەمانە بە پێچەوانەی فۆنیمە زنجیرەییەکان یاخود کەرتییەکانەوەن، بە شێوەی زنجیرەیی نانووسرێن، بەڵکو لەسەر (برگەی برگە، مۆرفیم، وشە، فرێز، ڕستە) بەرجەستە دەکرێن، لەبەر ئەوەیە ناوی (نیشانەی سەروو ـ سەگمێنتی supra-segmental features)یان لێنراوە (مەحوی، ٢٠١٦: ٥٢٠).

شوێن یا کاریگەریی هێز و ئاواز بە سەر دروستە و یەکەکانەوە، یەکێکە لەو بنەمایانەی لە لێکدانەوە سینتاپراگماتیکییەکاندا، کە دەبێت وەک پێوەر و بنەما لەبەرچاوبگیرێت، چونکە ئەوانیش بە تەنیا سینتاکس لێکنادرێنەوە، بەڵکو دەبێت پەنابرێتە بەر پراگماتیک، بە جۆرێک قسەکەر لە ڕێگەی هێزەوە دەتوانێت جەخت لەسەر شتێک بکات، و ئەوە بە بەرانبەرەکەی بگەیەنێت، کە پێشتر گریمانەکراوە، یاخود کام گرتنەوە گرنگترە بۆ لێکدانەوەی ئەو واتایەی مەبەستە. لە ڕستەی (١٩. أ)دا قسەکەر بە هۆی هێزەوە ئەوە دەردەخات، کە گرتنەوە پێش زەمینەکە (Foreground entailment)، یا گریمانە سەرەکییەکە ئەوەیە، کە (باپیر) ژمارەیەک نەمامی ڕواندووە، واتە ژمارەی نەمامەکان باسی ڕستەکەیە:

١٩) أ) باپیر پێنج نەمامی ڕواند.

١٩) ب) باپیر پێنج نەمامی ڕواند.

لە ڕستەی (١٩. ب)دا، کە جەختکردنەوەکە لە (پێنج)ەوە بۆ سەر (باپیر) گواستراوەتەوە، واتە گریمانە سەرەکییەکە ئەوەیە، کە (باپیر) پێنج نەمامی ڕواندووە، و بووە بە سەرتۆپی ڕستەکە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی یەکێک لە ئەرکەکانی هێز بە دەرخستنی ئەو گریمانە سەرەکییە (Assumption)وە بەستراوەتەوە، کە قسەکەر لە دەربڕیندا دەیکات (کەریم، ٢٠٠٩: ٣٩).

هێز جاری وایە جیاوازیی کات نیشاندەدات، ئەم جیاوازییەش دەخرێتە پاڵ پێکهاتی مۆرفۆلۆژیی وشەکانی ڕستەکە و سروشتی پێوەندیی نێوانیان لە ڕستەکەدا (بڕوانە: ئەمین، ١٩٩٤: ١٤ ـ ١٥)، بۆ ڕوونکردنەوەی زیادتر ئەم نموونەیە دەخرێتەڕوو:

٢٠) باپیر ئازادبوو.


لە ڕستەی (٢٠)دا بە گۆڕینی شوێنی هێز، ئەوا لە ڕووی کاتەوە دوو مانای جیاوازی دەخرێتەپاڵ، بە جۆرێک:

.ئەگەر هێز کەوتە سەر (بوو') ئەوە دەگەیەنێت، کە (باپیر) ئێستا ئازادە و لە ڕابردوودا ئازاد نەبووە، واتە کردە نیشاندەدات.

.بەڵام کە هێز لەسەر (ئازاد')بوو ئەوە دەگەیەنێت، کە (باپیر) ئێستا ئازاد نییە، بەڵکو لە ڕابردوودا ئازادبووە، واتە بارێک نیشاندەدات.

بۆ مانای یەکەم ڕستەکە لە دوو وشەی [باپیر + ئازادبوو'] پێکدێت، و لێرەدا (ئازادبوو) وشەیەکی لێکدراوە و لە (ئازاد + بوو) پێکهاتووە و (بوو) چووەتە سەر ئاوەڵناوی (ئازاد) و کردارێکی لێکدراوی تێنەپەڕی پێکهێناوە، و (ئازاد) هێزی خۆی دۆڕاندووە و چووەتە سەر (بوو)، کە دوا برگەی وشەکەیە، چونکە لە کوردیدا هێز لەسەر دوا برگە سەرهەڵدەدات. بۆ مانای دووهەمیش ڕستەکە لە سێ وشەی [درەختەکە + ئازاد' + بوو] پێکدێت.پێوەندیی ڕستەیی نێوان وشەکانی ئەم دوو ڕستەیە، دەکرێت بەم شێوەیە شێوازبەند و دایاگرام بکرێت:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| S → NP | VP | : | باپیر ئازادبوو | |
| NP → | N | : | باپیر | |
| VP → | V | : | ئازادبوو | |
| S → NP | VP | : | باپیر ئازادبوو | |
| NP → | N | : | باپیر | |
| VP → CP | V | : | ئازاد + بوو | |




لە نموونەی (٢٠)دا، نەک لێکدانەوەی واتایی بەڵکو سینتاکسیش گۆڕانی بەسەرداهاتووە، تەنانەت ماوەیەک ڕێککەوتێک لە نێوان تیۆرناسەکاندا هەبوو لە ناساندنی هێڵی نەخشەیی نێوان فۆنیمە ناکەرتییەکان و سینتاکسدا. بێگومان فرێزە ناکەرتییەکان ئەگەر ئاوازداربن یان نا، گوتن دابەشی سەر چەند پارچەیەکی زانیاریبەخش دەکەن، بەرزبوونەوەکە لە وەستانی فرێزە هەستپێکراوەکان دەبێت، یان بەرزبوونەوەکە لە لێکترازانی نێوان کەرتییە دەنگییەکان، یان پێکهاتەی ڕستە دەبێت، بۆنموونە:

٢١) بێزارم.

ئەم وتەیە بەپێی ئاوازەکە دوو واتای جیاواز دەگەیەنێت و دوو دروستەی دەبێت:

.بێ| زار| م. [واتە: بێ زمانم، یا بێ دەموپلم]

.بێزار| م. [واتە: پەست و بێزارم، یا هیلاک و تورەم]

(بڕوانە: کەریم، ٢٠١٢: ١١)

هەروەها ئاوازیش یەکێکە لەو بنەمایانەی، کاریگەری بەسەر لێکدانەوەی سینتاپڕاگماتیکییەوە دەبێت، بە گشتی "ئاوازی ڕستە دەوەستێتە سەر ژمارە و چۆنیەتی لەرینەوەی دەنگەژێیەکان لە چرکەیەکدا، و گۆڕینی لەرینەوەی ژێیەکانیش دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاوازی ڕستەکە" (Fattah, 1980: 15)، بۆیە بە هۆی یەکەی ئاوازەوە ئەو ڕستەیەی بۆ گوێگر و بەرانبەر دەردەبڕێت، دەتوانێت گەلێک مەبەست و واتای جیاواز ببەخشێت، چونکە لە هەر بارێکی گۆڕینی ئاوازەکەدا لە ئەلەمێنت (Element)ێکەوە بۆ ئەلەمێنتێکی دیکە زانیاریی تەواو جیاواز بە بەرانبەر دەگات (قادر، ٢٠٠٨: ١٣٦)، وەک لە نموونەی (٢٢)دا دیارە:

[ئاوازی دەربڕینی ڕستەکە ئاسۆیی و یەک ئاڕاستەیە]
٢٢) أ) باپیر هەموو کتێبەکەی خوێندووەتەوە.

[ئاوازی دەربڕینی ڕستەکە لە (باپیر)دا بەرزبووەتەوە]
٢٢) ب) باپیر هەموو کتێبەکەی خوێندووەتەوە.

[ئاوازی دەربڕینی ڕستەکە لە (هەموو کتێبەکە)دا بەرزبووەتەوە]
٢٢) پ) باپیر هەموو کتێبەکەی خوێندووەتەوە.

[ئاوازی دەربڕینی ڕستەکە لە (خوێندووەتەوە)دا بەرزبووەتەوە]
٢٢) ت) باپیر هەموو کتێبەکەی خوێندووەتەوە.

بە وردبوونەوە لە نموونەکان دەردەکەوێت، تەنیا لە (٢٢. أ)دا، ئاوازی دەربڕینەکەی ئاسۆییە، یا هیچ بەزربوونەوە و نزمبوونەوەیەک تێیدا ڕووینەداوە، بۆیە تەنیا ڕستەیەکی هەواڵگەیەن دەربڕاوە، بەڵام لە (٢٢. ب) و (٢٢. پ) و (٢٢. ت)دا بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاواز لەسەر توخمە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە، واتای ڕستەکە گۆڕاوە و زانیارییەکی تایبەتی بە بەرانبەر گەیاندووە، بوونەتە وەڵامێکی تایبەت بۆ ڕستە پرسەکانی (٢٣) بە ڕیز:

٢٣) ب) کێ هەموو کتێبەکەی خوێندووەتەوە؟

٢٣) پ) باپیر چەندی لە کتێبەکە خوێندووەتەوە؟

٢٣) ت) باپیر هەموو کتێبەکەی چ لێکرد؟

نێوانەش یەکێکی دیکەیە لە بنەما و پێوانەکان بۆ شیکردنەوە سینتاپڕاگماتیکییەکان، و کەرەستەیەکی ناکەرتییە، کە لە گۆکردندا یەکەیەک لە یەکەیەکی دیکەی دروستەکە بە هۆی کورتە پشوویەک یا وەستانێکی کورتەوە دادەبڕێت و جیای دەکاتەوە، بەمەش کاریگەریی بەسەر گەیاندنی واتا و مەبەستەوە دەبێت، بە گوتەیەکی دیکە "زاراوەیەکە لە فۆنۆلۆژیدا بۆ ئاماژەدان بە سنوردارکردنی فیچەرە فۆنەتیکییەکان بەکاردێت، کە ڕەنگە سنوری جیاکردنەوەی یەکە ڕێزمانییەکان بن، لە نموونەی مۆرفیم، وشە و لاڕستە (Clause)" (Crystal, 2008: 259)، بۆ نموونە:

٢٤) أ) هیـوام| نییـە.

٢٤) ب) هی|وام نییـە.

لە نموونەی (٢٤. أ)دا (هیوا) ناوە و یەک وشەیە، واتە: (بێئومێدم و هیچ هیوایەکم نییە)، بەڵام لە (٢٤. ب)دا (هی وا) فرێزە و دوو وشەیە، نێوانێکیان هەیە، واتە: (شتی وەها یا لەو جۆرەم نییە). زاراوەکە لێرەدا باسی لە سیمایەکی فۆنەتیکی سنوری نێوان دوو وشە یا دوو مۆرفیم کردووە، و لە هەموو نێوانەیەک دیارترە، هەروەها ئەم بێدەنگییەی نێوان دوو وشە بە هۆی لەرە و هێز و درێژییەوە دەردەکەوێت، وەک:

٢٥) أ) سـێبـەر|

٢٥) ب) سێ|بەر

ئەمانە لە فۆنۆلۆژیدا وەکیەک دەنووسرێن، بەڵام لە ڕووی فۆنەتیکەوە جیاوازن و ماناشیان جیاوازە (موسا، ٢٠٠٩: ٣٢)، کە یەکەمیان بە مانای (سایە و نیسێ) دێت، و دووەهەم بە مانای (سێ دانە بەر)، واتە لێرەدا (سێ) وەکو ژمارە هاتووە.

دەردەکەوێت، نێوانە "لە ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژەکاریدا (Role and Reference Grammar) بەکاردێت، بۆ پەسنکردنی ئەو پارچەیەی ڕێزمان، کە چۆن هەڵسوکەوت دەکات بۆ بەیەکەوەبەستنی یەکە لاوەکییەکانی دروستەکان، هەروەها وادەردەکەوێت، کە بە هاوکاری لەگەڵ تیۆری پەیوەستەگی (Theory of Nexus) جۆری پێوەندیی ڕستەیی لە نێوان یەکەکاندا بە نێوانە بەدەستبێت" (Crystal, 2008: 259)، چونکە بە تێڕوانینێکی دیکە دەکرێت بگوترێت: مەبەست لێی جۆرێکە لە بێدەنگی، لە نێوان وشەیەک و وشەیەکی دیکە، یا دەنگێک و دەنگێکی دی، یاخود فرێزێک و فرێزێکی دیکەدا یانیش ڕستەیەک و ڕستەیەکی دیکە، و فۆنیمێکی ناکەرتییە و واتا دەگۆڕێت (الخولی، ١٩٨٧: ١٢٣)، بۆ ڕوونکردنەوەی زیادتر با بڕوانینە ئەم ڕستانە:

٢٦) أ) ئەوان ڕێککەوتن|.

٢٦) ب) ئەوان ڕێک|کەوتن.

واتا و مەبەستی ئەم دوو ڕستەیەش جیاوازە، لە (٢٦. أ)دا (ڕێککەوتن) وشەیەکی لێکدراوە و بە مانای (ئیتفاق و پێکەوەگونجان) هاتووە، بە جۆرێک هیچ نێوانەیەک لە دەربڕینیدا نەبووە، بەڵام لە (٢٥. ب)دا نێوانە هەیە، بۆیە لە ڕووی واتا و مەبەستەوە (ڕێک) وەک ئاوەڵکردارێک دەردەکەوێت، و چۆنیەتی ڕوودانی کردارەکە ڕۆشندەکاتەوە، کە بە مانای (یەکسەر یا دەستبەجێ) هاتووە، و هەریەکە لە (ڕێک) و (کەوتن)یش وەک دوو ئەلەمێنتی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

جاری واشە نێوانە کاریگەریی بەسەر کەتیگۆری ئەلەمێنتەکانەوە دەبێت، بۆ نموونە:

٢٧) أ) ئەم کچە ڕوو|خۆشە.

٢٧) ب) ئەم کچە ڕووخۆشە|.

ئەم ڕستەیە دوو واتای هەیە، کە یەکەمیان بە واتای (کچەکە دەم بە خەندەیە یا ڕووی خۆشە)، و تێیدا (ڕووخۆش) ئاوەڵناوە، هەرچی دووەهەمیشانە مەبەستی (کچەکە ناوی ڕووخۆشە)، و (ڕووخۆش) وەک ناوێکی تایبەتی هاتووە.

بە گشتی نێوانەکان دوای ئەوەی، کە پێکهاتەکە لە ڕووی ڕۆنان و واتاوە تەواوبوو دێنەئارا، و بایەخی تایبەتیی خۆیان لە ڕەوانی و گەیشتنی زنجیرە دەنگییەکاندا هەیە، و ڕۆڵی گرنگ لە هاوکاری لێکدانەوە سینتاکسی و واتاییەکانی دروستە و دەربڕینەکاندا دەبینن، لە جۆرە هەرە باوەکانی

نێوانەش >>وەستان (stop) و هەڵوەستە (pause)<<ن[٣]، بۆ کرۆکی نێوانەش لە هەموو جۆرەکاندا دەکرێت بگوترێت: کورتە بێدەنگییەکە، کە دەکەوێتە نێوان کەرەستە ڕێزمانییەکانەوە، واتە دەنگبڕین بۆ ماوەیەکی کورت، جا لەو ماوە کورتەدا هەوا لە سییەکانەوە بێتەدەر، یا بچێتە ژوور، یان بوەستێت گرنگ نییە، بەڵکو گرنگییەکە لەوەدایە کورتە بێدەنگییەک دروستدەبێت، کە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی سنوری >>سەگمێنت (segment)<< و یەکەی ڕێزمانی یەکەم لە دووەم (موسا، ٢٠٠٩: ٣٣).

جێگەی ئاماژەپێکردنە، کە هەندێکجار هێز و نێوانە پێکەوە ڕۆڵ لە جیاکردنەوەی واتا و مەبەستەکاندا دەگێڕن، بۆ نموونە:

٢٨) أ) بێپـا´یـە.     [بێ پێ یا قاچە]

٢٨) ب) بێپـایـە´.     [بێ پلە و پۆست یا پایە]

(هەورامانی، ١٩٧٤: ٨٩)

لە نموونەی (٢٨. أ)دا نێوانەیەکی کراوە (open Juncture) لە نێوان دوو مۆرفیمەکەی کۆتایی {پا + یە}دا هەیە، لێرەدا فۆنیمی /ا/ تەواو درێژە، و لەو کاتەدا /ە/ کورتتر دەردەکەوێت، بەڵام لە (٢٨. ب)دا نێوانەکە داخراوە (Close Juncture) لە نێوان دوو مۆرفیمی کۆتایی وشەکەدا، لە ئەنجامی ئەمەدا و بە هۆکاری ئەوەی کە بڕگەی کۆتایی هێزدارە، ئەوا فۆنیمی /ا/ جیاواز و کورتترە و /ە/ دەرکەوتووترە، بە کورتی وەک دەرکەوت جیاوازیی نێوان یەکەم و دووەم بۆ هێز و نێوانە و جۆری بزوێنەکان دەگەڕێتەوە، نەک تەنیا هێز (موسا، ٢٠٠٩: ٣٦ + Fattah, 1980: 181).

١. ٢. ٥: سەرەوڕیزبوون و گۆڕینی سەرەوڕیزبوون

سەرەوڕیزبوون (order)ی پێکهێنەرەکان، و چۆنیەتیی دەرکەوتنی >>سەگمێنت<< و >>ئەلەمێنت (Element)<<ەکانی دروستەکان، یا ڕیزبەندیی و ئەو گۆڕانانەی بەسەر ڕیزبەندیی کەرەستەکاندا دێت بنەمایەکی دیکەیە لە لێکدانەوە سینتاپڕاگماتیکییەکاندا، پەیوەستە گرنگیی پێبدرێت، چونکە هەندێکجار سەگمێنت یا بەشە ئەرکدارەکانی دروستەکان بە چەند شێوەیەکی جیاواز دەردەکەون، واتە گۆڕان (پێشخستن و پاشخستن) لە ڕیزبوونیاندا ڕوودەدات، با ئەو ڕیزبوونە نەبووبێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی سینتاکسییان، بەڵام لێکدانەوەی واتا و مەبەست جیاوازدەبێت "بە هۆی جێگۆڕکێی کەرەستەکانی ڕستەکە و گرنگیی بۆ ڕووداوەکان" (فەتاح ئیبراهیم، ٢٠١٤: ٣٠)، بە گوتەیەکی دیکە بەپێی کۆکبوونی زۆرێک لە ڕێبازەکان، بەشێک لە سیمانتیک و پراگماتیکی فرێزەکانی ڕستەیەک لە دروستەی زانیاریدا ڕێکخراوە ( Jackendoff, 2002: 412)، وەکو لە نموونەکانی (٢٩)دا دەردەکەوێت:

٢٩) أ) باپیر هەفتەی ڕابردوو خانووەکەی کڕی.

٢٩) ب) خانووەکە باپیر هەفتەی ڕابردوو کڕی.

٢٩) پ) هەفتەی ڕابردوو باپیر خانووەکەی کڕی.

لێرە دەردەکەوێت، کە هەموو ڕستەکان دروستن و باس لە ڕووداو و بابەتێک لە کاتێکی دیاریکراودا دەکەن، هەریەکەیان دروستکراوی بنەمایەکی سینتاکسی تایبەتە، و ئەو جیاوازییەی لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت، تەنیا بۆ چۆنیەتیی دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکان و پڕکردنیانە بەو زانیارییە گونجاوەی گەرەکە بۆ گەیاندنی بە شوێن و کەسی بە ئامانجگیراو لە پێناوی پێوەندیکردن و گواستنەوەی ناوەڕۆکی بابەت و مەبەست سەرکەوتووانە (Brown & Miller, 1996: 306)، ئەمەش بە زۆری پێوەندیی بە خودی نێرەرەوە هەیە، لە بارەی ئەو چەمکەی دەیەوێت بە بەرانبەری بگەیەنێت، بۆیە لە ڕستەی (٢٩. أ)دا جەخت لەسەر (باپیر)ە، کە خانووەی کڕیوە، و لە (٢٩. ب)دا جەخت لە (خانووەکە) دەکات، کە کڕراوە، نەک شتێکی دیکە، ئەویش بە >>پڕۆژەی باسمەند (Topicalization)<<، لە (٢٩. پ)شدا کاتەکە بووە باس و سەرتۆپی ڕستەکە.

بەم شێوەیە پێویستە جیاکاری لە نێوان >>فۆکس و تۆپیک / سەرتۆپ و کۆمێنت/ زانیاریی زانراو و نەزانراو<<دا بکرێت، چونکە "لە دروستەی ڕستەی سەرتۆپی زمانی کوردیدا، دەربڕینی >>سەرتۆپ<<[٤] لە لایەن قسەکەرەوە لەسەرەتای ڕستەکەدا بۆ خێراکردنی کردەی (گەڕان یان کردنەوەی) ئەو (بنەما زانیارییە)یە، کە لە ئاوەزی قسەکەردایە، و دەیەوێت بۆ بەرانبەر دەریببڕێت. ئەم دەربڕینەش لە لایەن قسەکەرەوە کاتێک دەگوێزرێتەوە بۆ گوێگر / بەرانبەر، لە لایەن گوێگرەوە وەردەگیرێت، وەک ئاماژەدانێکی ڕاستەوخۆ بە زانیاریی گرمۆڵەکراوی مێشکی ئاخێوەر" (قادر، ٢٠٠٨: ١٢٣)، واتە چ نیاز و مەبەستێکی لە بەکارهێنانی دەربڕاوەکە هەیە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی "فۆکس یا سەرتۆپ بابەتێکی سایکۆلۆژییە، زاراوەیەکە ناوەڕۆکی واتایی ڕستەیەک دەگەیەنێت" ( Jackendoff, 2002: 412) هەروەک لە نموونەکانی (٣٠)دا دەردەکەوێت:

٣٠) أ) باپیر هەفتەی ڕابردوو خانووە کۆنەکەی فرۆشت.

٣٠) ب) خانووە کۆنەکە باپیر هەفتەی ڕابردوو فرۆشتی.

٣٠) پ) هەفتەی ڕابردوو باپیر خانووە کۆنەکەی فرۆشت.

٣٠) ت) خانووە کۆنەکە هەفتەی ڕابردوو لە لایەن باپیرەوە فرۆشرا.

٣٠) د) هەفتەی ڕابردوو خانووە کۆنەکە لە لایەن باپیرەوە فرۆشرا.

٣٠) ج) ئەوە خانووە کۆنەکەبوو، کە باپیر هەفتەی ڕابردوو فرۆشتی.

٣٠) چ) ئەوە خانووە کۆنەکەبوو، کە هەفتەی ڕابردوو لە لایەن باپیرەوە فرۆشرا.

لە لێکدانەوەی نموونەکانی (٣٠) و بەراوردکردنیانەوە ڕووندەبێتەوە، کە ڕیزبەندیکردن و ئەو گۆڕانەی بەسەر ڕیزبەندیی کەرەستەکاندا دێت، نەک هەر هۆکاری ساناکردن و خێراکردنی پێواژۆی پێوەندیکردنە (تێگەیشتن و تێگەیاندن)، بەڵکو لە دەربڕین و ڕاڤەکردنی بابەتێکی وەهادا .فرۆشتنی خانوو.بە لای کەمییەوە حەوت ڕێگە لەبەر دەستە، بە گوێگرەی ئەو بەشەی لە ڕستەدا گرنگترە، یا زانیاریی نوێ دەردەبڕێت، و دەبێتە چەقی باس، بە واتا هێنانە پێش و پێراگەیاندنی فۆکس دیاریکەری ئەو چەشنە زانیارییەیە لە ڕستەدا، کە نوێیە بۆ بەرانبەر.

١. ٢. ٦: بەشداربو و نیشانەکان

بەشداربو و نیشانە(deixis)کانی نێو دروستەکان، و پۆلکردنی کەرەستە و توخمە پێکهێنەرەکانیان لەسەر بنچینەی ڕەفتاری سینتاکسی و واتایی. ئەمەش وەکو بنەمایەک جۆرێک لە چالاکی بە زمان دەبەخشن، چونکە "بەکارهێنانی پراگماتیکییانەی نیشانەکان، ئەوە دەردەخسێنێت کە بە دەربڕاوی کەم، واتای زۆر جیاواز بگەیەنرێت و ئەوەش دەردەخرێت، کە دەشێ واتای فەرهەنگیی وتراو شتێک بێت و واتای پراگماتیکی شتێکی تر" (فەرەج، ٢٠٠٠: ١٨٤)، بە واتایەکی دیکە دەکرێت بگوترێت: "ئەو پێداویستییانە دەگرێتەوە سەرەکین و بەشدارن لە ڕووداوی کارەکە و ڕۆڵی واتاییان دەدرێتە پاڵ، وەک: ئەنجامدەر و وەرگر و کارتێکراو" (دزەیی (أ)، ٢٠١٥: ٨٩) سەرباری ڕۆڵ و ئەرکی سینتاکسی، بۆ نموونە:

(٣١) ئەو دوێنێ تۆی بۆ ئەوان نارد.

سینتاکس و سیمانتیک بۆ ڕستەی (٣١)دا تەنیا ئەوەندە دەڵێن: (ئەو) جێناوی کەسێتییە بۆ کەسی سێهەمی تاک، و بکەری ئەنجامدەر (Agent)ە، و (دوێنێ) کاتە، و (تۆ) جێناوی کەسییە و کارتێکراو (Affected)ە، و بووە بە بەرکاری ڕاستەوخۆ، هەرچی (ئەوان)یشە جێناوە و سوودمەند (Beneficiary)ە، و وەک بەرکاری ناڕاستەوخۆ ڕۆڵدەبینێت، بەم شێوەیە "سیمانتیک و ڕێزمان لە توانایاندا نەبوو، مەبەستی تەواوی ڕستەکە بەدەستەوە بدەن واتە نە واتای خودی کەرەستەکان و نە پەیوەندیی نێوانیان لە ڕستەکەدا" (فەرەج، ٢٠٠٠: ٦) ناتوانن ڕاڤەی تەواوی ڕستەکە بکەن، چونکە ئەمانە کاتێک واتای پراگماتیکی هەڵدەگرن، کە ئاماژە بۆ کەرەستەیەکی دیاریکراو دەکەن (Salkie, 1995: 64)، بۆیە ئەگەر گوێگر لە ئامادەبووانی بۆنەی گوتنەکە نەبێت، و زانیاریی لە بارەی دەوروبەری دەربڕراوەکەوە نەبێت، ئەوا لە واتاکەی ناگات، چونکە:

.ئەو: مەبەست لە کەسێکە لە نێوان سەدان کەسدا.

.دوێنێ: مەبەست لە ڕۆژێکە لە ڕۆژەکانی هەفتە.

.تۆ: مەبەست لە کەسی گوێگرە.

.ئەوان: کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراون.

بەم شێوەیە دەبنە نیشانەی پراگماتیکی، لە ڕێزماندا ڕەنگدەدەنەوە (Grammaticalized)، و لە سنوری بۆچوونی ئاماژە (Reference)دا کاردەکەن، چەمکی ئاماژەکردنی پراگماتیکیش وەک لە لایەن (ستراوسۆن ـ Strawson)ەوە بانگەشەی بۆ کراوە، ئەوە نییە، تەنیا گوزارشت لە چەند شتێک بکات، یا شتێک نییە کە دەربڕینێک دەیکات، بەڵکو دەربڕینێکی کردەییە و گوزارشت لە زۆر شت دەکات، کە دەتوانرێت بۆ دەربڕین بەکاربهێنرێت (Brown & Yule, 1983: 28) لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا.

بەم جۆرە نیشانەپراگماتیکییەکان، زاراوەیەکی پراگماتیکییە، زمان و دەوروبەر پێکەوە گرێدەدەن و لە سنوری بۆچوونی ئاماژەدا بەکاردەهێنرێن، لە سادەترین پێناسەشیاندا ئەو فۆرمە زمانییە تەمومژاوییانەن، یا ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە سنوری بۆچوونی ئاماژە و کات و کەس و شوێن و پلەدا بەکاردەهێنرێن. بەشدارییەکی کارایان لە ئاخاوتن و دەربڕیندا هەیە، و ئاماژە بە دەوروبەرێکی دیاریکراو دەکەن، واتە نرخیان لە گوتنێکەوە بۆ گوتنێکی دیکە دەگۆڕێت، و لە ڕووی واتاوە تەمومژاوی و ناڕوونن، بەڵام لە ڕێگەی زانستی پراگماتیکەوە دەگەن بە واتایەکی ڕوون بەپێی ئەو دەوروبەرەی، کە دەربڕینەکەی تێدا دێت (مستەفا، ٢٠١٨: ٧٨)، بۆیە دەبێت لە لێکدانەوە سینتاپراگماتیکییەکاندا، وەک بنەمایەک بەپێی ئەو توانایەی بەردەستە ڕەچاوبکرێن، چونکە ئەمانە کارێکی پراگماتیکی ئەنجام دەدەن، و تایبەتن بەو واتا و مەبەستەی لە ئاوەزی نێرەردا گرمۆڵەکراوە، و لە لای وەرگر وێنادەکرێت. بە تێڕوانینی (میلنەر ـ Milner)یش نیشانەکردن و دیاریکردنی کەرەستەکان یەک لە ئەرکە سەرەکییەکانی زمانە لە گەڕان بە دوای واتا و مەبەستدا، چونکە نیشانەکردن پێوەندیی لە نێوان زمان و جیهانی دەرەوەدا یا دەوروبەر دروستدەکات (موشلر و ربول، ٢٠١٠: ١٥٩)، بەم شێوەیەش نیشانە دەبێتە جێگەی بایەخی پراگماتیک، و ئامانجێتیی بزانێت کەسی (قسەکەر) و (گوێگر) و هاوبەشەکان کێن و پلەیان چۆنە، هەروەها کات و شوێن کەیە بۆ لێکدانەوەی وردی واتا (Levinson, 1997: 54)، بۆ نموونە، ئەگەر بڕوانینە دەربڕاوەکانی (٣٢)، ئەوا ئاماژەیان بۆ یەک شوێن پێدەکرێت:

(٣٢) أ) باکوری کوردستان

(٣٢) ب) کوردستانی باکور

(٣٢) پ) کوردستانی تورکیا

بەڵام بە گەڕانەوەیان بۆ کەسەکان و مەبەستی نێرەر جیاوازن، چونکە (٣٢. أ) دەربڕاوی کەسێکە کوردە، یا دۆستی کوردە، یانیش باوەڕی بە یەک پارچەیی خاکی کوردستان هەیە، بەڵام (٣٢. ب) بۆ کەسێک دەگەڕێتەوە، کە کوردیزان نییە، یا شارەزای جوگرافیا و مێژووی کوردستان نییە، هەرچی (٣٢. پ)شە، ئەوا هەستی دەمارگیریی تێدا دیارە، یا ئاماژە بە پارچەبوونی کوردستان دەکات.

١ . ٢ . ٧: هەڵاوێرکردنی واتایی و پێوەندیی هاوڕێیەتی

هەڵاوێرکردنی ئەلەمێنت (پۆلەڕەگەزی)، یا پێوەندیی نێوان ئارگۆمێنت (Argument) و بەشەکردار (ئارگۆمێنت داواکەر ـ Predicate)، بنەمایەکی دیکەی لێکدانەوە سینتاپراگماتیکییەکانە. لە کۆتی هەڵبژاردندا کەرەستەی بە دەستەڵات (هەڵبژێرە) و کەرەستەی بێدەستەڵات (هەڵبژێرراو)، واتە کەرەستەیەک هەڵدەبژێرێت، کە لە هەندێک فیچەردا لەگەڵیدا بگونجێت (حاجی، ٢٠٠١: ٩٥)، بە گوتەیەکی دیکە بەشەکردارەکان جۆری ئارگۆمێنتەکان یا ئەو قەوارانەمان بۆ دەستنیشاندەکەن "بۆیە ئارگۆمێنت داواکەرەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان بەسەر دروستەی ڕستەکانەوە دەبێت" (Cook & Newson, 2007: 82)، چونکە کردار لە ڕستەدا لە هەموو کەرەستەکان بەدەستەڵاترە و چییەتی و چۆنیەتیی کەرەستەکانمان بۆ دیاری دەکات. کردارەکانیش لە هەموو زمانانی دونیا لە ڕووی پێویستبوونیان بە ئارگۆمێنتەوە جۆراوجۆرن، بۆ نموونە کرداری (پێکەنی) تێنەپەڕە و پێویستی بە یەک قەوارە هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی فۆرمدروستی واتادروست (بڕوانە: ٣٣)

٣٣) باپیر پێکەنی.

(لێنا)ش، وەک بەشەکردار داوای دوو ئارگۆمێنت دەکات، کە دەبێت یەکێکیان کارا (Agent) بێت، و کردەی لێنان ئەنجامبدات، ئەوی دییان کارتێکراو (patient)ە، یا ئەو شتەیە کە لێدەنرێت (برنج)ە، وەک لە (٣٤) دیارە:

٣٤) شێنێ برنجەکەی لێنا.

کرداری لەو چەشنەشمان هەیە، کە زیادتر لە دوو ئارگۆمێنتی پێویستە، بە وێنە کرداری (پیشانیدا) بۆ تەواوکردنی واتا و مەبەستەکەی سێ قەوارەی پێویستە (بڕوانە: ٣٥)

٣٥) شێنێ مۆڵەتەکەی پیشانی پۆلیسەکە دا.

لێرەدا (پیشانیدا) پێویستی بە سێ ئارگۆمێنت هەیە، کە بریتین لە (شێنێ، مۆڵەت و پۆلیس).

(بڕوانە: ئەحمەد، ٢٠١٢:١٨-١٩، ٢٥)

جێگەی ئاماژەپێدانە، مەرج نییە هەموو وشەیەک بۆ بەشەکردارێک ببێتە ئارگۆمێنت، بۆیە کاتێک وشە تەکیەکخراوەکانی سنوری ڕستە ڕستەیەکی پەسندیان دابنێ، ئەوا پێی دەگوترێت ئاسایی واتا، کە لەسەر دوو بنەما کاردەکات، ئەوانیش: ڕێزمانی ڕستە و پەسندی واتایە (بڕوانە: لاینز، ١٩٨٧: ١١٢)، وەک لە نموونەکانی (٣٣، ٣٤، ٣٥)دا دیارە، بە جۆرێک ڕستەکان لە ڕووی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکییەوە دروستن و یاساکانی (S-Selection)یان تێدا جێبەجێکراوە، هەروەها لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی، یا پێوەندیی ئاسایی وشەیەک بە وشەکانی دیکەوە بەرهەمهێنراون، چونکە "هەڵاوێرکردنی کاتەگۆری لە نێو هەڵاویرکردنی سیمانتیکی دایە، کە دیاریکردنی جۆری ئەو ئارگۆمێنتانەیە لە ڕووی کەتیگۆرییەوە" (Cook & Newson, 2007: 82). بەڵام زۆرجار بەزاندنی پێوەندیی هاونشینی (syntagmatic) لە سنوری ڕستەدا ڕوودەدات، واتە بەزاندنی هاوڕێیەتی، کە نائاسایی واتا دەهێنێتەکایەوە، و لە ڕووی واتاوە پەسند نییە، چونکە وشەکان مەرجی ڕێکەوتنیان تێدا نییە، بەمەش شیکردنەوەی واتای دەربڕاوەکە بە واتای دەربڕاوی قسەکەرەوە پابەنددەبێت، نەک بە واتای ڕووتی وشەکانەوە (peccei, 1999: 4)، هەروەک لەم نموونانەوە دەردەکەوێت:

٣٦) *باپیر قوڕ دەخوات.

(دەخوات)، کە کرداری ڕستەکەیە، دوو ئارگۆمێنت داوادەکات، یەکێکیان کارایە، کە دەبێت [+زیندوو +هێز و توانا] بێت، لێرەدا (دەخوات) ناوێکی وەک (باپیر)ی هەڵبژاردووە، کە خاوەنی ئەم دوو فیچەرە واتاییەیە، ئارگۆمێنتی دووهەم، کە دەبێت کارتێکراوبێت، دەبێت ناوێک بێت، فیچەری [+خواردن]ی هەبێت، بەڵام (قوڕ) خاوەنی فیچەری [-خواردن]ە، و لە لایەن مرۆڤەوە ناخورێت، بۆیە ڕستەی (٣٦) لە ڕووی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکییەوە دروست نییە، و یاساکانی (S-Selection)ی بەزاندووە، کەواتە بە پراگماتیک لێکدەدرێتەوە، چونکە بۆ تێگەیشتن لەم ڕستەیە دەبێت دەوروبەر بهێنرێتە نێوەوە و لێکدانەوەی قووڵی بۆ بکرێت، چونکە سنوردارکردنی هەڵبژاردن پێشێلکراوە. واتە "هەندێک وشە لەگەڵ بەشەکەی دیکەی ڕستەکەدا نامۆن و نارۆن، لێرەدا مەبەستمان لەوەیە، کە بابەتەکە لەگەڵ بەکارهێنانی ئاسایی وشەکەدا لە یەک دەدەن، واتە پێکدادان لە نێوان بابەت و وشەکەدا هەیە" (عەلی، ٢٠٠٠: ١٠)، یا بە نموونە: کاتێک خوێندکارێک لە (پراگماتیک) باش تێگەیشتووە دەربڕاوی (پراگماتیک زەڵاتەیە) بەکاردەهێنێت، کە بە واتای ئاسانی و دەستەڵات شکاندنەوە بەسەریدا دێت، بەڵام مەرجەکانی هەڵاوێرکردنی بەزاندووە، چونکە (پراگماتیک) شتێک نییە لە (زەڵاتە) بچێت، یا وا ئاسان بێت.

مەبەست لە پیادەکردنی هاوڕێیەتی و نەبەزاندنی بەندە بە هەڵبژاردن و گونجاندنی ئارگۆمێنتەکانەوە لە پێکهاتەی دروستەکاندا، بۆیە هەر بەزاندنێک ڕوویدات ئەوا ئەم پێوەندییە تێکدەچێت، بە واتا جۆرێکی دیکەی بەزاندن لە هەڵاوێرکردنی کەتیگۆری دایە، چونکە "جیاوازی لە نێوان هەڵاوێرکردنی بابەتی و هەڵاوێرکردنی کەتەگۆرییدا ئەوەیە، کە هەڵاوێرکردنی بابەتی لە ڕێککەوتنی نێوان بەشەکردار و ئارگۆمێنتەکانی و ئارگۆمێنتەکان لە نێوان خۆیاندا وورددەبێتەوە، بەڵام هەڵاوێرکردنی کەتەگۆری لە ئارگۆمێنتەکان لە ڕووی کەتەگۆرییەوە وەک تەواوکەری بەشەکردارەکان دەکۆڵێتەوە" (ئەحمەد، ٢٠١٢: ٢٥)، بۆ ڕوونکردنەوەی زیادتر نموونەکانی (٣٧) دەخەینە بەرچاو:

٣٧) أ) سەرمسوڕما چۆن لە تاقیکردنەوەکە دەرچوویت!

٣٧) ب) *سەرمسوڕما بە چی هاتیت؟

٣٧) پ) دەمەوێت بزانم بە چی هاتیت؟

٣٧) ت) *پرسیارت لێدەکەم بە چی هاتیت؟

دەربڕاوی (سەرمسوڕما) دەتوانێت لەگەڵ ڕستەی سەرسوڕماندا بێت (بڕوانە: ٣٧. أ)، نەک لەگەڵ ڕستەی پرسدا (بڕوانە: ٣٧. ب). هەروەها (دەمەوێت) دەتوانێت لەگەڵ ڕستەی پرسدا بەکاربێت، وەک لە (٣٧. پ)دا هاتووە، بەڵام (پرسیارت لێدەکەم) ناتوانێت لەگەڵ پرسدا بێت (بڕوانە: ٣٧. ت) (ئەحمەد، ٢٠١٢: ٢٥)، وەک دەرکەوت ئەم نموونانە لە ڕووی زانیاری (C-Selection)ەوە ناتەواون، و پلەی هاوڕێیەتی و بە یەکەوەهاتنی دەربڕاوەکان لەگەڵ ڕستەکاندا (سفرە) لە ڕوانگەی واتای سیمانتیکییەوە، هەربۆیە دەبێت لێکدانەوەی قووڵیان بۆ بکرێت، چونکە لە قسەکردنی ئاساییدا بەکارنایەن، بۆیە گوێگر قورساییەکی زۆری دەکەوێتە سەر تا لە مەبەستەکە دەگات، ئەویش دەبێت لە ڕێگەی (پراگماتیک) و (سینتاکس)ەوە بێت.

١ .٢ .٨: پێوەندیکردن و جۆرەکانی

بەجێگەیاندنی کردەی پێوەندیکردن (communication) و لەیەکدی گەیشتن، ئەرکی سەرەکی زمانە، هەرچەندە زمان وەك هۆكارێك بۆ پێوەندیکردن گەلێک ئەرکی هەیە، جگە لە ئەرکی پێوەندیکردن، کە ئەرکی سەرەکی و گرنگترینیانە. لە لایەکی دیکەشەوە لە زمانەوانی چاولێکەریدا بە تایبەت ئەوانەی لەسەر بنەماکانی گرایس لە پراگماتیکیان توێژیوەتەوە، لەو باوەڕەدان زمان ئەرکێکی پراگماتیکی لە دەرەوەی دەوروبەری کردەی پێوەندیکردندا نییە (الشهری،2004: 11)، بەو واتایەی توێژینەوە

پراگماتیکییەکان بەپێی ئەو کردەیە و لە نێو ئەو بازنەیە لە زمان دەتوێژنەوە. بۆیە بەم شێوەیە پێوەندیکردن، وەك پڕۆەێکی هێمایی، هەرچەند خاوەن ڕۆنانێکی ڕێك و ئاڵۆزبێت، ئەوا تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئاسان نییە، چونکە جگە لەوەی کە سنوردار ناکرێت، و هەموو لایەنەکانی ئاشکرا ناکرێت، ئەوا ناچێتە نێو زانستێکەوە، بەڵکو سەر بە کۆمەڵێک زانست و لایەن و بابەتی دیکەیە، یا کاریگەرییان بەسەریەوە دەبێت، بۆیە کارامەیی لە پێوەندیکردن و شارەزایی لە سروشت و جۆرەکانییەوە، بنەمایەکی سەرەکییە لە سینتاپراگماتیکدا.

پێوەندیکردن لای مرۆڤ ڕەفتارێکی ڕۆژانەیە، و پێویستییەکی سەرەکییە بۆ بە یەکەوە ژیان، چونکە "لە ڕێگەیەوە ئاوێتەبوون و بەشداریکردن لە نێوان نێرەر و وەرگر و پەیامدا دروست دەبێت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە و زانیاری و مانا لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا" (ساڵح، ٢٠٢٠: ١٢٠)، بە بە بڕوای (ڕیچاردز)یش ئەمە "کاتێک ڕوودەدات، کە ئاوەز (عەقڵ)ێک کار لە ئاوەزێکی دیکە بکات، و لە ئەنجامدا ئاوەزی وەرگر شارەزاییەکی هاوشێوەی ئاوەزی نێرەری بۆ دروست ببێت" (عیسانی، ٢٠٠٨:١٨)، بێگومان لەم بارودۆخەدا دەبێت نێرەر زمانی بە شێوەیەک لە شێوەکان جا نووسین، یا قسەکردن یان ئاماژەبێت بخاتەگەڕ، چونکە وەک (جان جاک ڕۆسۆ) دەڵێت: "ئێمە وشەکان ناگێڕینەوە، ئەگەر بۆ گواستنەوەی بیرنەبێت" (ڕوسو، ١٩٨٦: ٣٥) بۆیە دەبێت لە فەرهەنگی ئەو زمانەی لەگەڵ کەسی دووەم یا گوێگرەکەیە، و تێیدا هاوبەشین، کەرەستەی زمانی هەڵبژێرین، کە بۆ دەربڕینی ئەو بیرەی دروستبووە گونجاوبێت، ئینجا سەرجەم ئەو یاسا ڕێزمانییانەی لە کارپێکردنیاندا هاوبەشن بخەینەکار (فەرەج، ٢٠٠٥: ١٠٥)، چونکە وەک لە فەرهەنگی (وێبستەر ـ Webster)دا هاتووە پێوەندیکردن "پێواژۆیەکە، تێیدا چەمکەکان لە نێوان تاکەکاندا ئاڵوگۆڕدەکرێن، ئەمەش بە بەکارهێنانی پڕۆەێکی هێمایی کە لە بارەیەوە ڕێککەوتووین و ناسراوە لامان" (شرف، ١٩٨٠: ٢٧)، گومانی تێدا نییە ئەم کردەیەش "کاتێک ڕوودەدات، کە زانیارییەک لە شوێنێک، یا لای کەسێک هەبێت و بیەوێت بە شوێن و کەسێکی دیکەی بگەیەنێت" (علم الدین، ١٩٩٠: ٢٦)، بۆیە پێوەندیکردن دەبێتە کردەی ناردن و وەرگرتنی زانیاری. لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)یشدا بەم شێوە ناسێنراوە، کە "پێوەندیکردن پێواژۆی دەربڕینی بیر و هەستە، یا پێدانی زانین و زانیارییە بە خەڵک، بە شێوەی قسە، یا بە نووسین، یان بە ئاماژە" (Hornby, 2004: 243)، بۆیە کاری سەرەکی قسەکەر یا نێرەر دەبێت ڕازیکردنی بەرانبەربێت، و کاریگەری تەواوی لەسەر دروستبکات، کە ئەمەش تەنیا بە زمان بەدەستنایەت، بەڵکو بە شارەزایی و لێهاتوویی دیکەوە پەیوەست دەبێت، کەواتە سەرکەوتنی کردەی پێوەندیکردن، جگە لە ڕەگەزەکانی پێوەندیکردن، کە لە هێڵکاریی (٢ : ١)دا نیشاندراون، کە پێکەوە بەندن و بە نەبوونی هەریەکێکیان کێشە دروستدەبێت، ئەوا لە لایەکی دیکەوە پێویستی بە شارەزایی هەیە، بە جۆرێک پێویستە ئەو ئاماژە و هێما و یاسا ڕێزمانییانەی نێرەر لە ئاراستەکردنی پەیامدا پشتیان پێدەبەستێت، بە تەواوەتی لای وەرگر ناسراوبن، ئەمەش گرنگترین مەرجی سەرکەوتنی ناردنی پەیامە (کرم، ١٩٨٦:١٣)، هەروەها کەلتوری هاوبەش و ژینگەی دەوروبەریش کاریگەری تەواویان بە سەر پێوەندیی سەرکەوتووەوە دەبێت.




هێڵکاریی (٢ : ١) بنەما و ڕەگەزەکانی پێوەندیکردن

بە گشتی ڕادەی سەرکەوتنی پەیامی نێرەر و تێگەیشتن لە لایەن وەرگرەوە، لەگەڵ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی مەبەست و واتای نێرراو بەندە بە بنەماکانی پێوەندیکردنی سەرکەوتوو، و سروشتی پێوەندیکردنەوە، کە لێرەدا ئاماژە بە چەند دانەیەک دەدرێت:

1. ڕوونی و ئاشکرایی پەیام.
2. ئامادەباشی نێرەر و وەرگر.
3. بڕی زانیاریی بەپێی پێویست بێت.
4. پاڵنەر و هۆکارەکەی دیاربێت.
5. یەکگرتوو و ئامانجداربێت.
6. توانای ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردن و تێگەیشتن و ...تاد.
7. پێوەندییەکە دینامیکی بێت و بەردەوامی تێدابێت.
8. کۆمەڵایەتی بێت، یا پێویستییەک بێت لە پێویستییەکانی ژیان، واتە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری کارگێڕی و پەروەردەیی و تەندروستی... یا بۆ گەشەپێدانی کەلتوری هاوبەش، یانیش بۆ پتەوکردنی پێوەندیی بێت.
9. ئاوێتەبوونی لە نێوان بنەما زانستییەکان، کردەی گەیاندن و دەوروبەری کارەکەی تێدابێت.
10. هەڵبژاردنی کەناڵێکی گونجاو بۆ گەیاندنی بابەت و پەیام.

(بڕوانە: دزەیی (ب)، ٢٠١٤: ٣٠-٣١)

دوای ڕەچاوکردنی ئەم بنەما و پێوەرانەی سەرەوە پێوەندییەکی سەرکەوتوو بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام دەبێت ئەوەمان بیربێت، کە ئەو واتایەی لە فەرهەنگەوە یا (واتای وشە + کاریگەریی ڕێزمانی) بەرهەمدێت، ئەرکێکی سنوردار لە گەیاندندا دەبینێت، بۆیە زۆرجار نێرەر واتایەکی پراگماتیکی دەخاتەگەڕ، کە ئەرکێکی ئاوەزی زۆرتر دەخاتە سەر وەرگر بۆ

لێکدانەوە، کە پێویستە سینتاپڕاگماتیکییانە ڕاڤەیان بکات، لێکدانەوەشیان سەربارەی شارەزایی لە بنەماکانی پێوەندیکردن، وابەستەتەیە بە جۆرەکانی پێوەندیکردنەوە، کە چەند جۆرێکە بەپێی (شێوەی گەیاندن، کەناڵ، ڕێی گەیاندن و ئاراستەی گەیاندن)، هەروەها بنەمایەکی دیکە بۆ ڕاڤەکردنی سینتاپڕاگماتیکییانەی پێوەندیکردن، فاکتەرەکانی پێوەندیی کاریگەرە لە ئاستی (نێرەر، بابەت، پەیام، کۆد، هێما، وەرگر و ئەنجام یا کاریگەریی)، لەگەڵ ئەو گرفتانەی دێنە ڕێگەی پێوەندیکردنەوە بە گرفتە زمانی و نازمانییەکانەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیادتری ئەوەی باسکرا با بڕوانینە ئەم نموونەیە:

٣٨) باشە لەگەڵت دێم.

ئەم دەربڕینە، هەندێکجار ئەگەر بە لێوگەستنێکەوە بە ئامادەبوونی کەسی سێهەم بە کەسی دووهەم بگوترێت، ئەوا واتاکەی پێچەوانە دەبێتەوە، واتای نەچوون دەدات. چونکە لە لێکدانەوە سینتاپڕاگماتیکییەکاندا ئەو ئاماژانەش لێکدەدرێنەوە، کە شتێک دەربارەی نێرەر و پەیامەکەی دەردەخەن، وەک: لێوقرچاندن، چاوتروکاندن، و لە چ بارێکی دەروونیدا دەژێیت، هەروەها باری دەموچاو (Facialexpression)ی چۆنە...تاد. (دزەیی، ٢٠٠٩: ٢٧).

١ . ٢ . ٩: هێما نازمانی و هاوەڵزمانییەکان

هێمای نازمانی (non-verbal signs) ئەو نیشانە و ئاماژە نازمانییانە دەگرێتەوە، کە کۆمەڵ پەسەندیکردوون و مرۆڤ بۆ لەیەکتریگەیشتن بەکاریاندەهێنێت، ئەمانە بە شێوەی ناوابەستە لە زماندا هەن، بۆ نموونە: جەستە، سیما و دەموچاو، نیگا و چاوتێبڕین و ڕاوەستەی لەشولار ...تاد. گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتن دەتوانێت بە تەنیا بەم هێمایانە سەربگرێت، هەروەها لەگەڵ ئاخاوتن و گفتوگۆکردنی دەمیشدا دێن (مەحوی، ٢٠٠٩: ٥٤)، بە واتا ئەم هێمایانە هەندێکیان لەگەڵ پێوەندیی زمانی یا گوتەیی (verbal communication)دا بەکاردەهێنرێن، لەم بارەشدا دەبنە هێمای هاوەڵزمانی/ ئاوەڵدەمی (paraverbal signs)، کە بەو زانیارییانە دەگوترێت، کە خۆیان لە جۆری زمانی نین، بەڵام لەگەڵ دەربڕینی زمانیدا بەرجەستەدەبن و دەردەکەون و دەکەونەڕوو (سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو)، وەک بزاوتنی دەست و دەم و برۆ ... تاد. هەندێکی دیکەشیان بە تەنیا خۆیان بۆ پێوەندیکردن بەکاردەهێنرێن.

گرنگترین هێما هاوەڵزمانییەکانیش، کە کاریگەرییان بەسەر واتا و مەبەستی ڕستە و دەربڕاوەکانەوە هەیە، بریتین لە:

یەکەم: زمانی جەستە (Body Language)، جووڵەی ئەندامەکانی جەستە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی هاوتەریب لەگەڵ دەربڕینە زمانییەکاندا بەکاریاندەهێنێت، وەک جوڵەی دەست، دەم، چاو و سەر ...تاد. (دزەیی، ٢٠٢١: ١٣٩).

دووهەم: پەڕەزمانی، ئەو تایبەتمەندییە دەنگیانە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ دەربڕیندا بەکاردەهێنرێن، (محەمەد مەعروف فەتتاح، ٢٠١١: ٢٥) ئەمانە دەکات بە دوو بەشەوە، ئەوانەی بەبێ زمان بەکاردێن . سەربەخۆن بۆ دەربڕینی سەرسوڕمان، ئازار و بێزاری، وەک (ئاخ، ئای، ئۆف، ...تاد.). ئەوانەی لەگەڵ زماندا دێن، ناسەربەخۆ و هەمەچەشنن، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، کە پێیان دەگوترێت: (تۆن)، و پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە بەرزی و نزمی دەنگەوە هەیە. پێڕەوی تۆن لە چەند پلەیەک پێکدێت، کە گوتنی ئاسایی ناوەڕاستی ئەم پلانە دەگرێت، بۆ پێوەندیی تایبەتی بۆ دەربڕینی توڕەیی یا ڕێز...تاد. قسەکەر یا بەرەو پلەکانی سەرەوە دەڕاوت (دەنگی بەرزدەکاتەوە) یان بۆ خوارەوە دێت (دەنگی نزمدەکاتەوە)، واتە ئەو پلە دەنگییەی قسەکەریش هەڵیدەبژێرێت هەندێک لە مەبەستی قسەکەر دەردەخات.

سێهەم: بارودۆخ، پێوەندیی بە کات و شوێنەوە هەیە، بۆ نموونە: بێدەنگبوون و گوشینی دەستەکان و سەیرکردنی ئەملاولا لە لایەن کەسێکەوە ئاماژەیەکی نازمانییە، کە بابەتێکی هەیە، بەڵام ڕاڕایە لە گوتن و ئاشکراکردنی، یاخود نازانێت چۆن دەریببڕێت.

چوارەم: هۆکاری دروستکراو، شێواز و ڕەنگی جلوبەرگ و چۆنیەتیی ڕێکخستنی قژ و ریش و ...تاد. دەگرێتەوە، بۆ نموونە: لەبەرکردنی جلی ڕەش و هێشتنەوەی ریش لە کۆمەڵی کوردیدا بە واتای پرسەداری و خەم و پەژارە دێت (عەبدوڵلا، ٢٠١٥: ٢٥).

پێنجەم: ماوەی فیزیایی یا دوور و نزیکی نێوان قسەکەران ڕەگەزێک یا لایەنێکی گەیاندنی زمانی نێوان تاکەکانە، کە بە (proxemi) ناسراوە، لە زۆر باردا لایەنی دەروونی ڕووندەکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی بڕی زانیاری پێویست دیاریدەکات، چونکە دوو کەس تا لە یەکدییەوە نزیکبن پێویستیان بە زانیاریی کەمترە.

لەوەی خرایەڕوو دەردەکەوێت، کە هێما نازمانییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە تێگەیشتن و گەیاندنی واتا و مەبەستدا هەیە، بە جۆرێک لە تێڕوانینی (برێد وێستڵ)ەوە (٧٥%)ی ئەو واتایەی لە دەربڕاوەکانی پێوەندییەکانەوە وەردەگیرێت پشت بە دەربڕینی نازمانی و هاوەڵزمانی دەبەستێت، تەنیا لە (٢٥%)ی واتاکە لە خودی وشەکانەوە وەردەگیرێت ( brwhixtell, 1970: 62)، خۆ ئەگەر ئەم ڕێژانە بە ڕەهاییش وانەبن، ئەوا ڕاستییەک دەگەیەنن ئەویش ئەوەیە، کە ئاوێتەبوونی تەواو لە نێوان پێوەندیی زمانی و نازمانیدا هەیە، بۆیە وەک بنەمایەک لە شیکردنەوە سینتاپڕاگماتیکییەکاندا ئەم هێمایانە بایەخ و تایبەتمەندیی خۆیان دەبێت، هەرچەندە دەرکەوتن و کەوتنەڕێیان لە بواری نووسیندا بە بەراورد بە گفتوگۆکردن کەمترە، بەڵام هەر چۆنێک بێت، زۆربەی جار مرۆڤ لە شەرم و شەرمەزاری دووردەخەنەوە، جگە لەوەش ڕاستگۆییان زیادترە و دوورن لە درۆ، هەروەها گوزارشت لە هەست و بیروبۆچوونەکان دەکەن، و هەندێکجاریش هۆکاری خۆناساندن و پێشوازیکردنن لە بەرانبەر و ...تاد. (معین، ٢٠١٥: ١١٢ ـ ١١٣). کەواتە لە زۆربەی کاتدا هێما نازمانییەکان لەگەڵ هێما زمانییەکاندا بە یەکەوە لە دەربڕاوە سینتاکسییەکاندا بەکاردێن، و جۆرە کاریگەرییەکیان لەسەر دروستدەکەن، بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرتر چەند نموونەیەک دەخەینە بەرچاو (بڕوانە: عەبدوڵلا، ٢٠١٥: ٢٥ ـ ٢٦)، بۆ نموونە: کاتێک پرسیار لە کەسایەتیی

کەسێک دەکرێت، زۆرجار بۆ تەواوکردن (Complemention)ی واتای دەربڕاوە زمانییەکە گوێگر بە هێمای نازمانی واتاکەی دەگەیەنێت، بەم شێوەیە:

(٣٩) أ) باپیر کوڕێکی چۆنە؟

(٣٩) ب) ئەها باپیر ... .

ڕستەی (٣٩. ب)، کە وەڵامی ڕستەی (٣٩. أ)ە، وەڵامێکی تەواونەکراوە، بەڵام کاتێک وەڵامدەر بە دەست ئاماژەیەک بە لای گوێیدا بۆ دواوە دەکات، ئەم ئاماژەیە واتای ڕستەکەمان بۆ ڕووندەکاتەوە: باپیر کەسایەتییەکی باشی نییە، بەڵام لەبەر ڕێزی باپیر بە زمان دەرینەبڕیوە.

جاری واشە نێرەر بە هۆی بەکارهێنانیانەوە، پەیامەکەی پێچەوانە (Contradicting) دەکاتەوە، بۆ نموونە: کاتێک خوێندکارێک پرسیار لە مامۆستاکەی دەربارەی وانەخوێندن یا ڕۆیشتنەوە دەکات:

٤٠) مامۆستا وانە دەخوێنین یا بڕۆینەوە؟

مامۆستاکە لە وەڵامی ڕستەی (٤٠)دا دەڵێت: (بەڵێ، وەرتاندەگرم)، بەڵام لە لە هەمان کاتدا بە جوڵەی پەنجەکانی دەستی ئاماژە بۆ ڕۆیشتنەوە دەکات، واتە وەرتانناگرم.

## ئەنجامەکان

**لە شیکردنەوەی درکپێکراوەکانی نێو توێژینەوەکە گەیشتینە ئەوەی:**

1. چەمکی سینتاپڕاگماتیک، بەرهەمی پێوەندی و تێکچڕژانی هەردوو ئاستی سینتاکس و پڕاگماتیکە، واتە بە توێژینەوەی هەردوو لایەنی سینتاکسی و پڕاگماتیکیی دروستەکان ئەنجامدەدرێت، چونکە لەم ئاستەدا یاسا و گۆڕانە واتاییەکان لە هەردوو ئاستی سینتاکس و پڕاگماتیکدا ڕوودەدەن.
2. بە پێی ئەو شیکردنەوەیەی، کە لەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە، سینتاپڕاگماتیک لە چەندین ئەرک و ڕۆڵی جیاوازدا بەرجەستەدەبێت، هەروەها لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی سینتاپڕاگماتیکییانەش پەیوەستی کۆمەڵێک بنەما و پێوەری دیاریکراوە، کە بە پێی بارودۆخ، دەوروبەر، قەبارە، جۆری دروستەکان و چەندین لایەنی دیکە دەگۆڕێن.
3. سینتاکس و پڕاگماتیک دوو ڕایەڵەی لێکنەپچڕاو و پەیوەستن، کە ئەمسەر و ئەوسەری ئاخاوتنەکانمان بە یەکدەگەیەنن، و پێکەوە کردەی پێوەندیکردن و تێگەیشتن کامڵدەکەن، بۆیە دروستە و دەربڕاوە سینتاکسییەکان پەیوەست بە دەوروبەر و بەکارهێنانەوە ڕۆڵیان لە گەیاندنی ویست و مەبەستی قسەکەردا هەیە، ئەو واتا پڕاگماتیکییەشی دەیگەیەنن، وابەستەی کۆمەڵێک بنەمای دیاریکراوە.
4. بنەڕەتی دروستە و دەربڕاوە سینتاکسییەکانی پێوەندیکردن بە مەبەست (پڕاگماتیکییانە) لە زماندا بەکاردەهێنرێن، هەروەها زۆرجار ناتوانرێت بە بێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخ و بار و ڕووداوی ئاخاوتن لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بۆ بکرێت، بۆیە ئەوە سینتاپڕاگماتیکە، کە لە فۆرم و واتای ئەم جۆرە دروستانە دەتوێژێتەوە.
5. ئاستی سینتاپڕاگماتیک لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت پەسنبکرێت، بە واتا سینتاپڕاگماتیک هەروەک ئاستەکانی دیکەی زمان دەتوانرێت پێکهاتە و بنەما و کەرەستەکانی و چۆنیەتیی کارکردنی دەستنیشانبکرێت. هەروەها زانیاری و دروستەی سینتاکسیی دەربڕاو (چ دارشتەیی یا نادارشتەیی بێت)، کە فرێز و ڕستە و تەکیەکخراوەکان دەیانوێنن سەرەکیترین/ تەنیا ڕێگەیە بۆ پەسنکردن و دیاریکردنی پێواژۆی سینتاپڕاگماتیک لە زمانی کوردیدا.

## سەرچاوەکان

یەکەم: بە زمانی کوردی

- ئەحمەد، بێستوون حەسەن (٢٠١٢)، کۆمەڵە وشە پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، یەکەم چاپ، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- ئەحمەد، تریفە عومەر (٢٠٠٨)، مەبەستی پڕاگماتیکی لە وتاردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- ئەمین، وریا عومەر (١٩٩٤)، هێز و ئاواز، گۆڤاری ڕۆشنبیریی نوێ، ژمارە (١٣٤)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.
- بەسیر، کامیل حەسەن (١٩٧٨)، زاراوەی کوردی، بۆساڵی یەکەم، بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی ئاداب، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- جەلیل، عەبدولقادر و شەفیق، ئەحمەد (٢٠٠٨)، قوتابخانە زمانەوانییەکان، وەرگێڕانی: نەریمان خۆشناو و کامەران محەمەد، یەکەم چاپ، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، چاپخانەی منارە، هەولێر.
- حاجی، ڤیان سلێمان (٢٠٠١)، ڕێککەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- حسەین، شیلان عومەر (٢٠١٣)، مۆرفۆپڕاگماتیکی ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B ـ زانستەمرۆڤایەتییەکان)، ژمارە (٣٨)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- خەتیب، ئەحەد شەفیق و ڕامۆس، فرانسیسکۆ یوس و بوقرە، نعمان (٢٠٢١)، پڕاگماتیک، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، یەکەم چاپ، ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠٠٩)، واتاسازی ـ چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پڕاگماتیکییە، یەکەم چاپ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی ، هەولێر.

- دزەیی (أ)، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٤)، زمانەوانیی دەروونی، یەکەم چاپ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، بێ چاپخانە؟، هەولێر.
- دزەیی (ب)، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٤)، پراگماتیکی دەق و گوتار، یەکەم چاپ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، بێ چاپخانە؟، هەولێر.
- دزەیی (پ)، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٤)، زانستی پراگماتیک، یەکەم چاپ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، بێ چاپخانە؟، هەولێر.
- دزەیی (أ)، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٥)، ڕێزمان و واتا، سێهەم چاپ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، بێ چاپخانە؟، هەولێر.
- دزەیی (ب)، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٥)، توانستی پراگماتیکی لە داڕشتنی پلانی وەڵامی خێرا و کاریگەر، گۆڤاری زانکۆی دهۆک بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەرگی (١٩)، ژمارە (١)، زانکۆی دهۆک، دهۆک.
- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠٢١)، زمانەوانیی گشتی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، بێ چاپخانە؟، هەولێر.
- ساڵح، دەورن عبدالرحمن (٢٠٢٠)، ڕۆڵی زمان لە ئاڕاستەکردنی لایەنی دەروونیی تاکدا ـ لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی دەروونییە، یەکەم چاپ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- عەبدوڵلا، شلێر ڕەشید (٢٠١٥)، پرۆسەی گەیاندن و چالاکبونەوەی فۆرمە زمانی و نازمانییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان ـ فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عەلی، بەکر عومەر (٢٠٠٠)، میتافۆر لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عەلی، بەکر عومەر و حسەین، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٣)، دەوروبەری زمانی ـ لێکۆڵینەوەیەکی سینتاکسی ـ پراگماتیکییە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B ـ زانستەمرۆڤایەتییەکان)، ژمارە (٤٢)ی ئەیلول، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٣)، ئاواز و واتای پراگماتیکی گوتن، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B ـ زانستەمرۆڤایەتییەکان)، ژمارە (٤٢)ی ئەیلول، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٤)، هەندێ لایەن لە پەیوەندیی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، یەکەم چاپ، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٩)، شیکردنەوەی گوتار ـ شانۆگەری ، ڕۆمان، تەنز، شیعر ـ، یەکەم چاپ، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- غەریب، دڵشاد محەمەد (٢٠١٩)، هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکودا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- فەتاح، محەمەد مەعرووف (٢٠١١)، زمانەوانی، سێهەم چاپ، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ـ ژمارە (١٢٤)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵلا (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی ڕستەسازیی زمانی کوردی، یەکەم چاپ، بڵاوکراوەی ئەکادیمای کوردی، ژمارە (١٩٣)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- فەرەج، شاخەوان جەلال (٢٠١٣)، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- فەرەج، هۆگر مەحمود (٢٠٠٠)، پراگماتیک و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- فەرەج، هۆگر مەحمود (٢٠٠٥)، کردەی گەیاندن لە نێوان سیمانتیک و پراگماتیکدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B ـ زانستەمرۆڤایەتییەکان)، ژمارە (١٥)ی شوبات، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد (٢٠١٤)، مۆرفۆپراگماتیک لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان ـ فاکەڵتیی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- قادر، کاروان عومەر (٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا ـ بە کەرەستەی کرمانجیی خواروو، یەکەم چاپ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
- کەریم، عومەر مەحموود (٢٠٠٩)، سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
- کەریم، عومەر مەحموود (٢٠١٢)، هێز و ئاواز ـ تێڕوانینێکی پراگماتیکی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٢)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- کەریم، عومەر مەحموود و ڕەسوڵ، صلاح حوێز (٢٠١٩)، سینتاپراگماتیکی ئامرازەکانی لێکدان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی (٢)، ژمارە (٢)، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
- مستەفا، نەزیرە سابیر (٢٠١٨)، پراگماتیک و شێواز، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
- معین، سازان رضا (٢٠١٥)، زمانی ئاماژە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کوردیدا ـ زمانی نابیستان وەک نموونە، نامەی دکتۆرا، فاکولتیا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا دهۆک، دهۆک.

- موسا، عەبدولوەهاب خالید (٢٠٠٩)، هێز و ئاوازە لە دیالێکتیی کوردیی ژووروودا، یەکەم چاپ، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٥٧)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- مەحویی، محەمەد (٢٠٠٩)، زانستی هێما هێما، واتا و واتا لێکدانەوە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
- مەحویی، محەمەد (٢٠١٠)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- مەحویی، محەمەد (٢٠١٦)، مەنامە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- ناوخۆش، سەلام و خۆشناو، نەریمان (٢٠١٠)، زمانەوانی، بەرگەکانی: یەکەم + دووەم + سێیەم، دووەم چاپ، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ویدۆوسن، هـ . د. (٢٠٠٨)، سەرەتایەک بۆ زمانەوانی، وەرگێڕانی: هۆشەنگ فاروق جەواد، دەزگای توێژۆینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، یەکەم چاپ، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- هەورامانی، محەمەدئەمین (١٩٧٤)، سەرەتایێک لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، یەکەم چاپ، بەڕێوەبەرێتیی گشتی ڕۆشنبیری کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
- یوڵ، جۆرج (٢٠١٦) مەبەستناسی (پراگماتیک)، وەرگێڕانی: ڕەحیم سورخی، چاپی یەکەم، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی عەبدولڕەحمان زەبیحی، چاپخانەی تاران، سلێمانی.


دووەهەم: بە زمانی عەرەبی


- أبو ناصر، موريس (1982)، مدخل الى علم الدلالة الألسني، مجلة عالم الفكر، مجلد عدد (18 . 19)، مجلة دورية تصدر من وزارة الاعلام في الكويت.
- احمد، يحى (١٩٨٩)، الاتجاه الوظيفي ودوره في تحليل اللغة، مجلة عالم الفكر، مجلد (20)، عدد (3)، مجلة دورية تصدر من وزارة الاعلام في الكويت.
- اسلام، عزمى (١٩٨٥)، مفعوم المعنى . دراسة تحليلية، الرسالة الحادية والثلاثون، حوليات كلية الاداب، الحولية السادسة، جامعة كويت، كويت.
- بالمر، أف . أر (١٩٨١) علم الدلالة، ترجمة: مجيد عبدالحليم الماشطة، (١٩٨٥)، الطبعة الاولى، مطبعة العمال المركزية، بغداد.
- الخولى، محمد على (١٩٨٧)، الاصوات للغوية، الطبعة الاولى، مكتبة الخريجى، الرياض، السعودية.
- روسو، جان جاك (١٩٨٦)، محاولة فى أصل اللغات، تعريب: محمد محجوب، تقديم: عبدالسلام المسدى، الطبعة الاولى، مشروع النشر المشترك، دارالشؤون الثقافة العامة (أفاق العربية)، بغداد.
- زوين، على (١٩٨٦)، منهج البحث اللغوي بين التراث وعلم اللغة الحديثة، الطبعة الاولى، سلسلة كتب شهرية، وزارة الثقافة والأعلام .دارالشؤون الثقافية العامة (افاق عربية) ، بغداد.
- سابير، ادوارد و وأخرون (1993)، اللغة والخطاب الأدبي (مدخل للتعريف باللغة)، أختيار و ترجمة: سعيد الغانمي، الطبعة الأولى، المركز الثقافي العربي ، بيروت.
- شرف، عبدالعزيز (١٩٨٠) فن التحرير الاعلامى، الطبعة الاولى، مطابع الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة
- الشهرى، عبدالهادي بن ظافر (٢٠٠٤)، أستراتيجيات الخطاب: مقاربة لغوية تداولية، الطبعة الاولى، دارالكتاب الجديد المتحدة، بيروت .لبنان.
- عبدالعزيز، محمد حسن (١٩٨٣)، مدخل الى علم اللغة، دارالنمر للطباعة، القاهرة.
- علم الدين، محمود (١٩٩٠)، تكنولوجبا المعلومات وصناعة الإتصال الجماهيري، الطبعة الاولى، العربي للنشر والتوزيع، القاهرة.
- عمر، احمد مختار (١٩٩٨)، علم الدلالة، الطبعة الخامسة، عالم الكتب، القاهرة.
- عيساني، رحيمة الطيب (2008)، مدخل الى الاعلام والاتصال، الطبعة الاولى، جدارا للكتاب العالمي للنشر والتوزيع، الجزائر.
- القاسمى، على (١٩٨٥)، مقدمة فى علم المصطلع، الطبعة الاولى، سلسلة الموسوعة الصغيرة (١٦٩)، دائرة الشؤون الثقافية والنشر، بغداد.
- كرم، جان جبران (١٩٨٦) مدخل الى علم اللغة، الطبعة الثانية، دار الجيل للطبع والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.
- لاينز، جون (١٩٨٠)، علم الدلالة، ترجمة: مجيد عبدالحليم الماشطة و حليم حسين فالح و كاظم حسين باقر، مطبعة جامعة البصرة، كلية الاداب ، جامعة البصرة.
- لاينز، جون (١٩٨٧)، اللغة والمعنى والسياق، ترجمة: عباس صادق عبدالوهاب، مراجعة: يوئيل عزيز، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة والأعلام .دارالشؤون الثقافية العامة (افاق عربية) ، بغداد.
- محسب، محى الدين، (2008)، انفتاح النسق اللسانى . دراسه فى التداخل الأختصاصى، الطبعه الأولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان.
- الموسى، عصام سليمان (2003)، المدخل في الاتصال الجماهيري، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان، اردن
- موشلر، جاك و ريبول، أن (٢٠١٠)، القاموس الموسوعى للتداولية، ترجمة: مجموعة من الاساتذة والباحثين، مراجعة: خالد ميلاد، الطبعة الثاني، وزارة الثقافة والمحافظة على التراث، دار سيناترا، تونس.

- نحلة، محمود أحمد (٢٠٠٢)، افاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر، الطبعة الاولى، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، مصر.
- هجمان روى. سى (٢٠٠٠)، اللغه والحياة والطبيعة البشرية، ترجمة: داود حلمي احمد السيد، الطبعة الثاني، عالم الكتب، القاهرة.
- هندريک، وبليام. ئو. (٢٠٠٤)، مقالات فى علم اللغة السيميائى والأدب المروى، ترجمة: نوزاد حسن احمد و يوئيل يوسف عزيز، الطبعة الاولى، أربيل.

سێهەم: بە زمانی ئینگلیزی

- BLACK, ELIZABETH. (2006), Pragmatic Stylistics, Edited By: A. Davies & K. Mitchel, Edinburgh: Edinburgh University Press.
- Brown, Keith & Miller, Jim (1996) Concise Encyclopedia of Syntactic Theories, 1st edition, Pergamon, Oxford. London.
- Brown, Gillian & Yule, George (1983). Discourse Analysis, Edited by: B. Comrie, Matthews, R., Posner, S., Romine, N. V., Smith, N., Vincent, A. Zwicky, Cambridge: Cambridge University press, New York.
- Brwhixtell, Ray (1970), Kinesics and content t. Philadelphia, PA: university of Pennsylvania press.
- Crystal, David. (2008), A Dictionary of Linguistics & Phonetics, 6th Edition, Oxford Black Well.
- Cook, Vivian James & Newson, Mark (2007). Chomsky's Universal Grammar An Introduction, 3rd edition, Blackwell, USA.
- Fattah, Mahamad Marwf (1980), On the Stress System of Kurdish, Zanco: the Scientific Journal of Sulaimaniyah University, Vol.6, No.2. Sep.
- Hornby, A. S. (2004) Oxford Advanced Learner's Dictionary, Edited by: Sally Wehmeier, Phonetics Editor: Micheal Ashby, 6th edition, Oxford University Press, New York.
- Jackendoff, Ray (2002), Foundations of Language. "brain, Meaning, Grammar, Evolution" Oxford, University press, New Yourk.
- Leech, Geoffrey N. (1983), Principle of pragmatics, Longman Inc, United state of American, New York.
- Levinson, Stephen C. (1997), Pragmatics, Cambridge, Cambridge University Press, Cambridge.
- Loebner, Sebastian (2002) understanding semantics, London: Arnold Publishers.
- Palmer, F. R. (1981), Semantics, a New Outline, Cambridge University Press, New York.
- Peccei, Jean Stilwell (1999). Pragmatics, Taylor & Francis Routledge, London.
- Richards, Jack C. & Schmidt, Richard (2010) Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Fourth Edition, Great Britain, Edinburgh Gate: Person Education Limited.
- Salkie, Rahpheol, (1995), Text and Discourse Analysis, Series Editor: Richard Hudson, Routledge, London & New Yourk.
- Simons, Mandy (2009), A Gricean View on Intrusive Implicatures, Carnegie Mellon University, Dept. of Philosophy, American university, US.
- Verschueren, Jef (1999), Understanding Pragmatics, London: Edward/ New Yourk: Oxford University Press.
- Yule, George (1996). Pragmatics, Oxford, Oxford University Press.


Syntapragmatic process in Kurdish Language


LECT. Khoshnaw Azeez Hama Ameen[1] Ass. Prof. Dr. Omar Mahmood Kareem[2]

[1] Dept. of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin, Kurdistan Region, Iraq
- 964 750 120 41 05
khoshnaw.aziz@uor.edu.krd

[2] Dept. of Kurdish Language, Faculty of Education, University of Koya, Kurdistan Region, Iraq
- 964 750 116 33 14
omar.mahmood@koyauniversity.org



**Abstract**

Language is the organization of components, which includes the rules and systems. The instructions, principles, conditions and criteria, assemble the rule itself, and then the system. The division of language into several levels of analysis is to facilitate the analysis, which results in further researches in one or more than one parts of linguistics. However, the language system and levels are employed under the general language system, they will be interrelated. Consequently, it is often the case that experts and linguists trying to study the components and their combination in this organization, which are intertwined and interdependent.

This research, entitled "***Syntapragmatic process in Kurdish Language***" is an attempt to determine the nature of (syntactic and pragmatic relations), in order to discover the method of interaction and connection of two different levels of language in Kurdish Language System according to the syntactic structure analysis. Meanwhile, these categories of information create a principle to study about new subjects and knowledge.

The main objectives of this study are to take advantage from Descriptive Analysis Method. The nature of the study has required, in addition to the preface which is the entrance to introduce the subject, to divide it into two sections. The first section has dedicated to Syntapragmatic process in relations of (term, concept, analysis and role) in the second section (the main principles of Syntapragmatic) have been highlighted. The results of the study as well as the bibliography of the references have been obtained as the completion of this attempt.



**Keywords: Syntapragmatic, Syntax, Pragmatics, Principle, Role, Structure, Utterance.**

## پەراوێزەکان

(١) لە نامەی ماستەری (فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد)دا زاراوەی >>سینتاکتیک پراگماتیک ـ Syntactic Pragmatics<< بەکارهێنراوە، لە ڕاستیدا >>سینتاپراگماتیک<<زیادتر شیاوە و ئێمە بە پەسەندمان زانی، چ لە ڕوانگەی واتا، چ شێوازی دروستبوونەکەی، کە هاوشێوەی >>مۆرفۆسینتاکس، مۆرفۆفۆنیم، سیماسینتاکس<<ە، هەروەها سینتاپراگماتیک پێوەرێکی پێرەوکراوی سینتاکس و پراگماتیکە لە شیکاری ڕستەدا، نەک تەنیا نیشاندانی پراگماتیکێتی ڕستە، بەڵکو بە خستنەڕووی هەردوو پێوەرەکە جێبەجێدەکرێت.

(٢) بۆ زانیاری دەربارەی جۆرەکانی دەوروبەر، بڕوانە:
ـ فەرەج، شاخەوان جەلال (٢٠١٣)، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، لا ٢٣٥ ـ ٢٥٩ و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا بەکارهاتوون. + عەلی، بەکر عومەر و حسەین، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٣)، دەوروبەری زمانی ـ لێکۆڵینەوەیەکی سینتاکسی ـ پراگماتیکییە.

(٣) ـ وەستان (stop): سیمایەکی ناکەرتییە، و لە پۆلکردنی دەنگسازیدا، بریتییە لە داکۆکیکردن یا توندکردن لەسەر وشەیەک لە وشەکانی ڕستە، یا بڕگەیەک لە بڕگەکانی گوتن، کە بەرچاوتری دەکات، یا بۆ جۆرێکی بنەڕەتیی لە نێوانە بەکاردێت و ئاماژەیە بۆ هەر دەنگێک، کە ژێیە دەنگییەکان تەواو داخراوبن، و چەندین جۆری هەیە.
ـ هەڵوەستە (pause): ناوە بۆ جۆرێکی دیکە لە نێوانە، کە لە وەستان سوکترە یا کورتترە و ڕادەکەی نزمترە، و گۆڕانی زنجیرەی گۆکردن یا ڕەوتی دەربڕینە بە گۆڕانی ئاوازەکەی، لە پێناو ئاماژەکردن بەوەی کە قسەی داهاتوو پێوەندییەکی توندی بە قسەی پێشووترەوە هەیە.
بۆ زانیاریی زیادتر، بڕوانە:
ـ موسا، عەبدولوەهاب خالید (٢٠٠٩ : ٣٦ ـ ٣٧)، ئەو سەرچاوانە لەوێدا ئاماژەیان پێدراوە، دزەیی، عەبدولواحید موشیر و ئەوانی دیکە (٢٠١٣: ١٣٦ ـ ١٣٩)، عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٥: ٩٦ ـ ٩٨)، لەگەڵ Crystal, David. (2008: 258 – 259, 355, 543).

(٤) دروستەی زانیاریی ڕستە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:
ـــ سەرتۆپ (زانیاریی زانراو/کۆن ـــ باس): ئەو بەشی ڕستەیە، کە بە هۆیەوە دەزانرێت ئەو ڕستەیە دەربارەی چییە.
ـــ کۆمێنت (زانیاریی نوێ ـــ خواس): ئەو بەشەی ڕستە دەگرێتەوە، کە دەربارەی سەرتۆپ دەگوترێت. (floor, 2004: 19)
بۆ نموونە: [سەرتۆپ: حکومەتی عێراقی] [کۆمێنت: دووسەد ملیارد دینارەکەی نارد].
بۆ زیادتر ئەزمونبەندکردنی دروستەی زانیاری و دوو بەشەکەی و ئەو زاراوانەی بۆیان بەکارهاتوون، هەروەها وەرگرتنی زانیاریی پتر هەم لە ئاستی پراگماتیک و هەم بەپێی قوتابخانەی ئەرکی، بڕوانە: فەتتاح، محەمەد مەعروف (١٩٩٢: ٤٠ ـ ٤١) ، فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (٢٠١٣: ١٠٣ ـ ١٣٣) لەگەڵ (قادر، کاروان عومەر (٢٠٠٨: ١٤ ـ ٢٠ و بەشی دووهەم، کە تایبەتە بە ڕستەی باسمەندی زمانی کوردی و تیشکۆ (focus) لە دروستەی زانیاریدا).